گەنج و جوان … هیوا سەعید

"کچێک حەز لە باوکی دەکات"

لە فیلمی گەنج و جواندا، کچێکی حەقدە ساڵی، هەرچەندە خۆشەویستێکی کوڕی لە تەمەنی خۆی هەیە، بەڵام لە بەرئاوەی پێشتر دایکی مردی بە پیاوێکی تر کردەتەوە، توشی هەمان گرفتی ئاڵۆکتڕای کچی ئاگامەنون هاتوە. بە مانای ڕەقی لە دایکی و سزای بە باوکە ناستەقینەکەی چوە و حەزی سەکسی بەو پیاوانەی لە پانتایی خەیاڵی جێی باوکی بە دەگرنەوە، تێر دەخوا.

لەرەوێ کچەکە لەکاتی سەرجێی کوڕە خۆشەویستەکەی، بە چاوێکی منداڵانە سەیری کوڕەکە دەکات، کوڕەکەش لەم بچوک بینینە بە ئاگایە و دوچاری خەسان و ناچالاکی سەکسی بوە لەگەیدا، بە مانای پیاوبونی کوڕەکە یەکسان بەتەوە بە ژنبون و گەنجاوێنەوێک بە سەردەمی منداڵی و باوشی دایکی. چونکە کوڕەکە توانای ئاوی نییە باڵادەستی بەسەردا بکا، وەکچێن کچەکە باوکبونی لە کوڕەکە دەوە، ئاویش دایکبونی لە کچەکە دەوەتەوە. کاتێکیش کوڕەکە ناتوانێ ببێتە ئەم باوکە، ناچار بە پەسەندکردنی خەسانەکە وەک چارەسەر و چۆڕکردنێکی مازۆشی، لەدەگەڵ کچەکە پێنجە بنێتە کەمی.

لەبەرئاوەی بە لەکدانەوەی فرەید، منداڵی نەرینە بە ساوایی، کاتە دایکی شیری پێدەدا و ژێری پاک دەکاتەوە و لە باوشی دەیلاوێنێ، ئەم چاودێری و خزمەتکردن و نازکشانە، هەستێک لە ناخی منداڵەکە دەچێنێ، ئەم بەدەموچونە بەس بە ئەم و ئاو ژنە هەرموکی خەیاتی، ئاوکاتێشی بەوە دەزانێ دایکی ئەو خزمەت و نازهەگرتنە بە مردکشی دەدا، بەم هاوبەشیکردنە هەستی بریندار دەبە و باوکەکە بە ناحەزێک و بە ئاواتی لەناوچونییەتی. لە هەمان کات لە ژوری نوستنی دایک و باوکی، چاوی بەو دیمەنانەی لە سەرجێی ژن و پیاو ئودەدا بکاوە و هەشتا هیچ لە پەیوەندی ئاوان تێناگا، ئەوەندەیە هەست بە توندوتیژییەک لە جوڵە و تاودانی باوکی بە دایکی دەکا و لە هەڵکیشدا ئاو جوڵە و تاودانەی باوکی بە دایکی دوبارە بکاتەوە، دایکەکە تێبگەیەنێ باوکی بیبێنی چوکی دەبڕێ، بەم سەرکوتکردنە دەگاتە ئەوە تێگەیشتنەی، کچەکان ئەندامی نەرینەیان نییە، باوکیان لێی بیون. لەرەدا ئاو باڵادەستییەی باوکی بەسەر خەیی و دایکی، دەبێتە مایەی هەڵگرتنی قینەکی شاراوە لە باوکی و

سزەک بۆلای دایکیدا، دواجار خۆیی و دایکی بۆ دو قوربانی لاواز و ملکەچ، لە بن باوکە دەسەڵاتدار و زۆفتکارەکەی دەتە بەرچاو.

بە گوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، پیاوبون ئەو گرێیەیە، کۆ بە منداڵی مەیلی بۆلای دایکییەتی و باوکی بۆ بەربەستێک دەبینێ، لە داهاتودا ڕقی لە باوکی وەک پیاوێک دەبێتەوە، ئەم چەپاندنەش هۆکارێکە مرد ببێتە ژنبون (مێینەبون) لە باوەشی ژنەکەی وەک دایکێک، بگۆڕێتەوە.

کۆواتە لە کۆمەڵگاکانی پابەند بە ئەخلاقی هۆشکی میتافیزیکی و ئەو سێکسەی نەوان ژن و پیاو بۆ چاک دەزانرێت، منداڵی لێبکەوێتەوە، هەروەها لەم کردەیەدا باڵادەستبونی مرد بەسەر ژنەوە بۆ پێویست دەبینرێ و کاتێکیش مردەکان توانای ئەم باڵادەستییەیان نابێ، بۆ منداڵبونەوە و چونەوە باوەشی ژن وەک دایکێک، شەرمەزار و لەناوەوە تێکدەشکێن. بۆ خۆبەدەستهێنانەوە لەم شەرمەزاری و باڵادەستکردنەوە بەسەر ژنەکاندا، زەرجار پێنا دەبەنە بەر بۆکارهێنانی دەرمان، کەچی لە کاردانەوەی ئەم چارەسەرییە دور لە چەژ و خۆزگاردنە لەپێناو پیاوبوندا، بۆ چەژی ڕاستەقینە لە دەرەوەی پابەندییە ئەخلاقییە میتافیزیکییەکە و ئەم تێگەیشتنە هەمکییە بۆ چاکە، لە چاکەی هەندەکی و ئەوەی بۆخۆیان چاکە دەگەڕێن. ئەوەش بۆخۆی جارێکی تر لە نەوان ژیانی ناوەکی و دەرەکی بۆ کۆوتن و لادانی ئەخلاقی، مرۆڤی (بۆ ئەخلاقی بێئەخلاقی!) دووی لە بەرهەم دێ. ئەم کەوتن و لادانەش سەرەتا لەسەرجێی ژن و مردەکان بۆ خیانەت دەسپێدەکا و دواتر هەسوکەوتە تێکشکاو و خیانەتکارانەکەیان تێواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەتەنێتەوە.

بۆیە کاتێک پیاوبون گرێ و داواکردنەوەی دایکایەتی بۆ لە ژن، بە تێگەیشتنی جاک لاکان، ژنبونیش گرێیە و داواکردنەوەی باوکە لە پیاو و ئەم کچێ لەم ژینگە کۆمەڵایەتییەش گۆڕێ نەبووبێ، بۆ مانایەی دایکی مردی بۆ پیاوێکی تریش نەکردبێتەوە، دیسان ڕقی لە دایکێکە وەکخێی ئەویشی بۆ ژن و بۆ فالوسی (ئاوەی نییەتی) بەرهەمهێناوەتەوە. هۆگربونی بۆ باوکی، تەنیا لە دایکی و حەزە سێکسییەکەی بۆ پیاوانەی لە پانتایی خەیاڵی بۆشایی باوکی پڕدەکەنەوە، تێر دەبێ. ئەوەیە کچێکە دوای گۆڕین و تاقیکردنەوەی چەندین جۆر ئەزمونی سێکسی (ئەم ئەزمونە سێکسیانە ئاوە ناگەیەنێ، چەژ لە گۆڕینی پیاوەکان دەکات، لەبەرئاوەیە لە منداڵییەوە لەناو پیاوەکانەدا بەشوێن باوکەدا دەگەڕێ، گرێیە دەرونییەکەی هەوەشێنەتەوە)، لە ئەنجامدا تەنیا چەژ لە پیاوێکی بتەمانی لەخۆی گەورەتر، کە گرێیە دەرونییەکەی پێ دەکرێتەوە، دەبینێت.

وەک دیارە ئەم ئەنجامە وەک کچەکە، بۆ خۆشەویستە کوەکەشی هاوشوەیە، بەوەی هەگربون و چالاکی سەکسی کچەکە بۆ رانبەر پیاوێ بۆ تەمەنەکێ، لە فالەسبونی سەرچاوێ بگرێ، چالاکی پیاوێ بۆ تەمەنەکێ، کە لە بری هاوسەرێ هاوتەمەنەکەی خۆی، حەزێ سەکسیەکەی بەم کچە کەمتەمەنە تێر دەخوا و ئەوندە چالاکە، بۆ ئەو چەژی باوکبون و بادەستیەی بەسەر کچەکەدا هەیەتی، دەگەڕێتەوە. بە پێچەوانەوە، لە ئەگەری پەیدانەبونی ئەم پیاوە گەورە و باوکە بادەستە، ئارەزوی کچەکە، چەژ لە سەکسی کچانی هاوتەمەنی خۆی دەبینێ، بۆ ئەوەی لە تەنیای ئەم فالەس و هەقکردنەوەی دایکی، ڕۆی باوکایەتییان بەسەردا بگرێ، یان سەرجەمی ژنانی گەورەتر و هاوتەمەنی دایکی، هەتا چەژ لە فالەسبونەکەی وەک خەساوەک وەرگرێ و ئەوەی هەقی لێدەبڕێتەوە و لێی هەدەت، خەشیدەوە و بۆی دەچێتەوە. وەک لە کۆتایی فیلمەکە، دوای مردنی پیاوێ بۆ تەمەنەکە، کچەکە، ئەم بڕیارە بۆ ژنەهاوسەرەکەی پەدەکاتەوە.

هیوا سەعید

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی فرانسوا ئۆزۆنە، لە ساڵی 2013 بەرهەم هێناوە.

نیچە و سالۆمی شۆی نەوان مرۆڤی باڵا و مرۆڤی بچوک … هیوا سەعید

بەشێک لە عەشق، ئەو چەژە لە لاوازی و بەزەییەیە، ناوەوەی مرۆڤ لە شەوەی خۆی بەرهەم دەنێتەوە. بە پێچەوانەوە، مرۆڤی باڵا، بە کوشتنی خوا و هەڵوەشاندنەوەی بەها پیرۆزەکان و ویستی هەزەوە دەژی، بە مانای ئەو لاوازی و بەزەییەی لە رابردویەوە دە، لە خۆیدا کوشتوە و مرۆڤێکی ئاسنینی بەهێزی لە بەرهەم هاتوە.

لەرەوێ سالۆمی لە بەرانبەر مرۆڤێکی باڵای وەک نیچە، نوێنەرایەتی خەڵکی بازاڕ وەردەگرێ، بە بەرهەمهێنانەوەی نیچەیەکی

لاواز و بزێیدار، بەکو لە باڵایی بکەوێ، ببێ بە هاوشانی ئەو مرۆڤە خۆناس و بە ویستانی بە دەرونکی شەواوی دوفاقانی نەوان چاکی خواییانە و ئارەزوییان دەژین، بە ئەوەی لە جێوکردنی ئەم دەرونە سوپەرمانییە، چێژکی باڵادەستانە بکات.

ئەلبەر کام، لە یاداشتکانی ئاماژە بوو دەدا، نیچە لە دارستانکی نزیک ماڵیان بە دار قومتە ئاگری گەورەی دەکردەوە، بە دیاریەوە هاتووستا، هەتا دەکوژاوە. بەو مانایەی ئەو لاوازی و بزێیەی سالەمی بەهای عەشقەوە لەناوەوەی نیچە دروستی کردبو، بەشەوەی هەمزی و بە کردنەوەی ئاگرکە و دامرکانەوەی، ئاگرکەی ناوەوەی خەی دادەمرکاندەوە، ئەم دامرکاندنەش سەرەتا بە سەرکوتکردنی سالەمی، وەک نوێنەری لاوازی و بزێیەکە، دواجار کوشتنەوەی خوا و نەبونی بە خەکی بازاڕ و تەکنەشکانی باڵاییەکەی.

هەروەها لەبەر ئەم سوتانەی بە سالەمی، ئیلیزابەسی خوشکی نیچە، زەر هەقی لە سالەمی دەبەوە و بە ژنکی بەدەوشت ناوی دەبرد. لەکاتکدا پیشاندانی ئەم هەق، هەرچەند بە بەرگری و دورخستنەوەی نیچە لە لاوازی و کەوتن بێ، کەچی پاراستنکی سوپەرمانانەی هاوشان بە نەریتی نیچەیی نییە، چونکە نامە هەشئامەزکانی ئیلیزابەس لە سالەمی و ئەم سوانەوەیە لە پشت کارکتەرکی خاوەن ویست، بەرپرسیاریەتی خەی، بە شکە و دور لە بزێیی و ناچاری هەبگرێ، ئەم پاراستنە ئاماژەی بزێیی ئەوانیتر بە دەوری کەسایەتییە سوپەرمانییەکەی دەگەیەنێ، کە دیسان بە سالەمی بە چێژوەرگرتنکی باڵادەستانە بەسەر نیچە تەواو دەبێ. لەبەرئەوەی مرۆڤی باڵا وەک بکوژی باوک و بزێیی و دوفاقی، گرێی ئەدیبی هەوەشاندەتەوە و چیتر منداڵکی خەساوی یەکسان بە خەساویەکەی دایکی نییە، ئیلیزابەس هەڵی دایکایەتی بەسەردا بگەڕێ و سالەمی بە عەشق (لاوازکردن و بزێیی)، چێژ لە منداڵکردنەوە و خەساندنەوەی ببینێ، دژ بە مردنی خوا و زیندوکردنەوەی لە نیچەدا.

بەیە ئەگەر سالەمی لەبەری پکەوتیانکی لە نزیک و یەکسانی هاوسەرگیرانە، بە خەدورگرتن، مەعشوقانە چێژ لە باڵادەستی و جێوکردنی دەرونکی بەهێز و جیاواز لە خەکی بازاڕ، کە دەستەمکردنی قوسە بکات، لە هەمان کاتدا نیچە بەم دوریە ناڕازامەندیە لە تەرکردنی ئارەزو و مامەڵەکردنی بەرجەستە بەبەش و هوبەوی تەنیاییکی پە ئازار و بزێیی عاشقانەی خیاڵییانە ببەتەوە، هەشتا لەپەناو باڵایی، لاوازی و بزێیە سالەمییە خواییکەی ناوخەی، بە شایانی کوشتن و ئازارکشی بە شکەوە

هەڵدەگرێ، ئەوەیە مرۆڤی باشە.

ئەو ئازارەی نەیکوشتم، گەورەی کردم. "نیچە"

هیوا سەعید

لەکۆتاییدا قارەمانەکە ناوەوە بمرێت! ... هیوا سەعید

ئەو پوچگەراییەی مرۆڤ نەناسراوانە لەناویدا دەژی، بە ژیانی فەلسەفەکاری و گەڕان بەدوای ئاستیدا، هەرچەندە پوچییەکە بناسێ و بە داهێنان هەوڵی ڕزگاربون لێی بدا، گشت جارێک بە کۆتاهاتنی ژیانێ داهێنەرییەکە، دەکەوێتەوە ناو یەکێتی بونەک (پانتیزم)، وەک پوچییەکی تری کوشندە.

لە شانۆگەری هەبونەبودا، ئەجەب مرۆڤێکی ئەوندە تووڕە و بێئاگایە، لە بن دارهەنجیرێک لەسەر پشت بە دەمکراوەیی ئاکشاوە، لە چاوەڕوانی هەنجیرێک بەربێتەوە ناودەمی. دواتر ئەم مرۆڤە تووڕەیە، بەهەی گیردەبونی بە خۆشەویستی ناسکە و لەدەستچونی وەک ستەمێک، بەسەر پایەکانی هۆشیاریدا دەکەوێ و دواجار فەلسەفەکارانە، بە زانین خۆشەویستەکەی دەدزێتەوە و یەکدەگرنەوە.

لەڕدا گریمانەکە ئەوەیە، ئەجەبی فەیلەسوف جارێکی تر ناسکە بزر بکاتەوە، بە شونیدا قناغەکانی زانین ببڕێتەوە و ببێتەوە بە چی، لەکاتێکدا ئەزمونی فەلسەفەکاری بە ئەم زانراو و بەکۆتا هاتوە، یان دور لە بینەوەی ئەم قناغە ئەزمونکراوە، لە بن دارهەنجیرەکە وەک دەستبەرداریێک لە ژیان ئابکشێتەوە!

لە کۆتایی ئەمانی هاوزەدا*، قارەمانەکە بە پێچوانەی ئەدیب، لەبری کوشتنی باوک، بە پاساوی دەستێکەاوی لەگەڵ پیاوانی دەسەاتدا، بە بیاری شکاندنی دایکی خێی دەکوژێ. بە مانای شکاندنی و کوشتنی دایک، بەرانبەربونەوەی لەژێک دژ بە شیعریەت و پێشیمانبونەوەیکی ئەدیبیە، بە ئەوەی کۆکان لە کوەی

دایکییانەوە ببنەوە بە کۆی باوکیان. لەبەرئەوەی کاتێک ئەدیب باوکی خۆی دەکوژێ و دایکی لەخۆی مارە دەکاتەوە، ئەم هەست و سۆزە دایکانەیە، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاق و لۆژیکی باوکانەی باڵادەست، هەڵگرانەوەیەکی شیعرییانەی دژباوە. بە ئەوەشی ئەدیب لەم هەست و سۆزە دایکانە و شیعرییەتە، ببێتەوە کۆی لۆژیک و باوکسالار، پێویستە پێشیمان ببێتەوە، ئەویش بە خۆکوژرکردن پێشیمانییەکە دەردەبڕێت.

بە هەمان شێوە قارەمانەکەی هاوژە، دوای کوشتنی دایکی، بە درێژکردنەوەی ئەم کوشتنە و گواستنەوەی لە لۆژیکی باوکە شۆڕشگێڕەکان و ئاگرتنی چەک بەووی شیعردا، بەشداری شکڵش دەکات. کەچی لەوە کوشتنی بە ناچەوای دایکی بە چون دەبێتەوە، بەوەی ئەم دەستپێکییەی دایکی و پیاوانی دەسەڵات، بە فەرمانی شکڵش بوە. بەیە ئەمجارە کوڕەکە، هەتا لەسەر بنەمای ئەم ئاستییەی پێیگەیشت، بە لۆژیکێکی تر دژ بە لۆژیکەکەی ئەوان نەوەستێتەوە، بە بەهودەیی دەڵێ: تازە من چ بکەم، گەڵەکە (بە نیازی زیندوکردنەوەی مردوویەک) هەڵدەمەوە، یان خەم بکوژم!

ئەم بۆچارییە لە نێگەرانەوەی ئابردو، سەرچاوەی پێشیمانی لە کوتایەتی باوکە شۆڕشگێڕەکان، نایەوە بە دژوەستانەوەشیان ببێتەوە کۆی دایکی. بەڵکو بە هەڵاتن لە تەواونەبونی ئەم ناکۆکییەی تێز و ئانتی تێز، خۆی بخاتە نێوان هەڵبژاردنی مانەوەیەکی بێئامانج لە ژیان و خۆکوشتندا، چونکە دوابەیار یەکەمیان لەسەر بنەمای گێشتن بە ئاستەقینە هەڵدەبژێرێ و چەکەکەی فەڕدەدا.
بەو مانایەی شۆڕشگێڕەک لەبەر بێزاربون، چالاکی دوبارە ئەزمونکردنەوەی یەکجار خەباتی شۆڕشگێڕی تەدا نییە، بەجێی فەیلەسوفیش لە ئۆگری لەدەستدانەوەی، ئیتر بەشوێن هەمان ناسکەدا ناگەڕێ. هەروەها ژیانی پاش ونبونەوەی ئاستەقینەیەک، بەهەوە بە ئامانجێکی تر پوچ دەبە، ئەم مانەویە بە پوچییەش سزای خانەکوشتنەکەیە، وەکئەوەی قارەمانەکە لە دوای فەڕدانی چەکەکەیی و بەجێهێشتنی شکڵش، کە لە ڕێگا توشی کاروانێک دێ، فەردەپیازەکەی بەرەو لوتکەی چیاکە پێ باردەکەن، بە سزادانەوەیەکی سیزیفانەی، یەکسانکردنەوەی پانتیزم بە ئەبسەرد، لێی بار بکەن.

بەڵام ئەم تێکەڵبونەویە بە کاروان، وەک تێکهەڵکێشی دو ئەزمون (سنتێز)، تێکەڵبونەوەی بێئاگایەکی ئاستیناس (ئانتی تێز)، بە ژیانی بێئاگایی (تێز) و ئاکشانەوەی ڕەجەبەکە ئەمجارە بە فەیلەسوفی لە بن دار هەنجیرەکە. لە بەردەوامی ژیانیشدا، دابەزان

هەر بە ئەوە نییە، بە هەڵگری ناوەڕۆکێکی تر، بە دیسان باوەشکردن بەوەی لەی هەڵگەڕاینەوە. ناکۆکی و ململانێیەکی تر سەرهەڵداتەوە.

کۆواتە باری بە شانهەڵگرتنی ژیان، بەهیوای گێشتنە لوتکەیەک، هەرجارێک بکەوە و خڵەر ببێتەوە و سەرلەنوێ بار بکرێتەوە، ئەم پوچییەیان لە نائاگایی لوتکەیەکی نەبینراوە. پوچییەکەی تر، دوای گێشتن بە لوتکەکە، بزانرێ لوتکەیەکی دیکە بە بینین و ناسینی ئاستەقینەیەکی تر بوونی نییە، بارەکە لەپێناو یەکسانبوونەوەی پانتیزم بە ئەبسەرد، بە سەرخستن بە شاندا بدرێ. دەبێتە خەکوشتن.

*هەمانی هاوژە، نوسینی دلاوەر ڕەحیمی، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

نەماندزییەوە ... هیوا سەعید

ئای دنیا..
لەم شەقامە چەق و تەنگانەت
بوین بە چ شاعیرێکی دڵشکاو،
چ ئاوازێکی غەریبمان لە دەرچو!
کەس نەیپرسی ئەم وێنە سەیرانە بۆچی دەکێشین،
کەس نەیزانی ئەم گەرانییە غەمگینانە بۆ کێ دەبین..
لەناو هەر چیرۆکێک قارەمان بەدوای گەاین
نەماندزییەوە.

ئێستا کاتی ئاشکرابونی گەورەترین دریە
نە هیچ مرۆڤکمان بە دە خۆشویست و
نە هیچ کەسیشمان بە هاوڕێ دانا!
لەناو دڵی هەر خۆشەویستێک و
سەری هەر هاوڕێیەک بەدوای گەاین
نەماندزییەوە.

لە هەر وڵاتێک شار شار
لە هەر شارێک گەڕەک گەڕەک
لە هەر گەڕەکێک ماڵ ماڵ بەدوای گەاین
نەماندزییەوە.

لە چایخانەکان لەسەر کورسییەکەی تەنیشتمان بەدوای گەڕاین،
لە چێشتخانەکان لەوبەری مێزەکەی بەردەممان بەدوای گەڕاین،
لە ئوتێلەکان لە قەڵەوەڵەکەی تری ژوورەکە بەدوای گەڕاین
نەماندۆزیەوە.

بوین بە چەپڵەترین بازرگانی قاچاغ
لە هەر دەریایەک بە کەشتی گوناهمان فڕشت
لە هەر ئاسمانێک بە فڕۆکە خراپەمان کەی
گیرفان گیرفان
قاسە قاسە
لەناو پارەی تلیاک و لەشفرۆشخانەکان بەدوای گەڕاین
نەماندۆزیەوە.

بوین بە درۆزنترین ئایینەدار
لە هەر ناوچەیەک چەندین ماڵمان بەناوی خوا کردەوە
مزگەوت مزگەوت
کڵێسا کڵێسا
لەناو باوەشدارە ساویلکەکان بەدوای گەڕاین
نەماندۆزیەوە.

وەک دەندەترین پیاوی سیاسی
بە کوشتن تا ئۆپەڕەی دەسەڵات چوین،
سنور سنورمان بە باروت و قوان گەدا،
خوێنی هەزاران کوژراومان کەوتە ئەستێ
چ لەناو زیندوەکان
چ لەناو مردوەکان بەدوای گەڕاین
نەماندۆزیەوە.

هێشتا بە کەڵک تاوانەوە
ڕۆژکان بە گەشبینی ئەم ئومێدە بەڕێ دەکەین
شەوکان لە دڵەراوکێی ئەم چاوەڕوانییە بەسەر دەبەین
هەندێک جار لە ئاودا دەبینین و ناگیرێ
هەندێک جاریش لە ئاوێنەدا خۆی دەردەخا و نایەتەدەر
ئەمە بە دڵنیاوەی ئەم هاوشێوەیەی خەمان چیمان نەکرد!
هەتا لەواری مردنیش بەدوای گەڕاین
نەماندۆزیەوە.

دەست لە کوشتنت هێنا گرم! ... هیوا سەعید

(1)
ماندوبوم ئەوەندەی تۆ بکوژم،
تۆ نامری!

لە مەیخانەکان
بە سەرخۆشی تەم کوشت
نەمردی.

لە باوەشی ساردی سەزانییەکان
بە ڤۆتی تەم کوشت
نەمردی.

لە ماڵی خوا چومە دەرێ،
لاپەڕە پیرۆزەکانم سوتاند،
بە بێباوەڕی تەم کوشت
نەمردی.

بە یاسای هەمو شتێک
دو کۆتایی هەیە: یان دڵدان، یان بردنەوە.
ئەم شتە بە یاسایەکی ترە
کەوتومەتە نێوان دو دڵدان
یان لە بەردەمت چۆک بدەم،
یان خۆم بکوژم
تۆ نامری!

(2)
شتێی ئەمە لەسەر یەکلابونەوەیە
من بە بیانوی نەبونت، هەوڵی کوشتنی تۆ دەدەم
تۆ بە پاساوی هەبونت، خۆریکی لەناوبردنی منی
لەم مەیدانە یەکێکمان چۆک نەدا
شتێکە دەبێتە هەقیقەت!

(3)
مادام چەکدادان هەر خەکوشتنە بە بچوکی
با شەکە بەردەوام بە..
ئەم شەە ژیانیشە!

(4)
ئەو بە ناشیرینکردنی ئەم شەە
ژیانتان پیس کرد
کارەکتان ناوناوە دادوەری
جارێک ئەم چەک دەدا، ئەو سواری پشتی دەبە
جارێکی تر ئەو چەک دەدا، ئەم سواری پشتی دەبەتەوە
ئەوە چ کەربازاییەکە،
حەزتان لەم سواربون و هاتنەخوارەوەیە!

(5)
کاتێک جگە لەم ژیانە پیسە و مردندا
هەبژاردنێکی تر نەماوە
من دەچم لە بەرزاییەکان بە ئازاری ئەوە دەمرم،
ئەوەش لە نزماییەکان بە شەتبونی من پەبکەنن..

(6)
ئەم خەکوشتنەم ناوبنێن
هەبژاردنێکی تر بە ژیان!

هیوا سەعید

کورد لە سینەمای جیهانیدا … هیوا سەعید

لەناو کورد هونەرمەندی گەورەی جیهانی ئەنتەنی کوین بەهەی فیلمەکانی عومەر موختار و پەیامی ئیسلام بە تایبەتی لەکن کوردە موسەمانەکان یەکێکە لە کارەکتەرە پەبەدە و زەر خەشویستەکان. لە هەمان کات ئەو ئەکتەرە گەورە بە فیلمەکانی زەربای یەنانی و

قەمبورگەی نێتردام (دوو ڕۆمانی بەناوبانگی نیکۆس کازانتزاکیس و ڤیکتۆر هوگۆیە) وەک قارەمانی سەرەکی ئەو دوو فیلمە کارەکتەرەکی هەمیشە زیندوی ناو یادەوەری خوێنەرانی کتێب و بینەرانی سینەمایە.

هەرچەندە لە کۆی ئەو فیلمانەی ئەو ئەکتەرە بەناوبانگە ڕۆڵی تێدا گێڕاوە دوجار کورد ئامادەیی هەیە، بەڵام هەردوجارەکە کورد بونەکی نەگەتیڤ و وەک خراپەکارێکی دەنده و خراپەکار دەبینرێ.

سندبادی دەریایی کارەکتەرێکە لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو، دەرهێنەری ئەمریکی ڕیچارد والاس ساڵی ١٩٤٧ بە فیلم بەرهەمی هێناوە، باس لە گەشتی هەشتەمی سندباد و گەلان بەدوای گەنجینەی بزربوی ئیسکەندەری گەورە دەکات. سندباد لە گەشتەکەی ڕۆگای دەکەوێتە بەسرا، لە مەزادخانەیەک بە ڕۆکەوت تووشی شیرین (کچە قارەمانی فیلمەکە و یەکێکە لە حەریمی ئەمیری بەسرا) دەبێ، کاتێک خەڵکی بە سندباد دەناسێنێ و دەڵێ کچی عەلی کوردستانیم، سندباد بە سەرسوڕمانەوە پێی دەڵێ: یائەلا ئەو سەربڕ و ڕۆگرە باوکت!

هەروەها تێپەڕکانی ناڤارۆن ڕۆمانێکی ئایستەر ماکینۆن دەربارەی جەنگی جیهانی دوەم، دەرهێنەری بەریتانی جۆن لی تەمسۆن ساڵی ١٩٦١ کردوویەتی بە فیلم. یەکێکی کەماندۆی بەریتانی – ئەمریکی دەیانەوێ خەیان بگەیەننە دورگەی ناڤارۆن بۆ تێکشکاندنی ئەو تێپەاوڕە ئەڵمانە نازییانەی ڕۆگری لە پێینەوەی کەشتییە جەنگییەکانی وڵاتانی ئیتیلاف لە دەریای ئیجە دەکەن. لەسەرەی چونیان بۆ دورگەکە بۆ هەڵە گومانیان لە پیاوێکی پاککەرەوەیە بەسەریانەوە سیخوڕ بێ، لەکاتی گرتن و لێپرسینەوەدا لەبەر تێنەگەیشتن لە زمانی پاککەرەوەکە ئەنتۆنی کوین وەک ئەندامێکی ناو یەکە کەماندۆیەکە دەڵێ: تێیناگەم دەنگی بۆ کوردەکان دەچێت.

ئامانج لە دەربڕینی ئەو قسەیە بۆ ئەوەی ئاماژەیەک بگوازێتەوە بۆ گۆی بیسەران و تێگەیشتنێکی خراپی لێبکەوێتەوە، بەو مانایەی ئەو گومانلێکراوەی بە تۆمەتی سیخوڕی دەستگیراوە و نازانرێ کێیە پێویستە ناسنامەی پێبدرێ، بەکو سیخوڕێکە وەکو دیمەنێکی هەزەکی لە خەیاڵدانی بینەراندا فڕێ وەربگرێ، هەتا سیخوڕ و ناسنامەکە (دەنگی بۆ کوردەکان دەچێت) بەیەکتر یەکسان ببنەوە و یەک تێگەیشتنی خراپ بدەن بەدەستەوە.

لە کتێبی هەزار و یەک شەو (زیاتر بۆ نوسراوەکی عەرەبی دەزانرێت)

ئاسایی تێگەیشتنێکی ترسناک و دڕندانە لەسەر کورد نوسرابێ، لەبەرئەوەی ژیانی سەرەتایی کورد لە شاخەکاندا بووە، هەنگێ دانیشتوانی کەنار دەریا و بیابانەکان لەو مرۆڤە شاخاویانە ترسابن، ئەوەی ئاسایی نییە بۆچی زمان و دەنگی ئەو گومانلێکراوە بەدەنیاییەوە بە تورکەکان و فارسەکان و عەرەبەکان ناچێ، بە بەنادەنیاییەوە بە کوردەکان دەچێت!

ئایا لەبەرئەوەیە زمانی ئەوان ئاشنا و زانراوە بە گوێی دنیا و دەنگی کورد دەنگێکی نامۆ و نەبیستراوە؟
لەگەڵ ئەوەی ئەوە ئاماژەکردنە بە ژێردەستەیی و نەبونی کورد، دەبێتە هەکاری پرسیارێکی تر ئەو ژێردەستە و نەبوە بە کەمینەیەکی تر نییە، بە لەم ناوچەیە بیریان هەر بە کورد دەچێ، واتا بە دەبێ تەنیا کورد ئەو کەمینەیە بێ لە نزیک دورگەی ناڤارەنی یۆنان سیخوڕی بەسەر وڵاتانی ئیتیلافەوە بکات؟

ئەو کەمەنتەوانەی تری ناوچەکە دەنگیان ئاشنا و بیستراوە، یان دەستی وڵاتانی ئیتیلافن و لایەن ئەوانەوە پشتگیری دەکرێن و ناشە گومانی خراپییان لێبکرێ، بەس کورد وەک ژێردەستەیەکی نەتەوە سەردەستەکانی ناو ئومەتی ئیسلام (تورک و عەرەب و فارسەکان وەک هاوسەزانی ئەڵمانیای نازی) بە تایبەت تورکەکان لەگەڵ ئەوەی خۆیان بە بەلایەن لە جەنگێکێ (جەنگی جیهانی دووەم) ناساندوە، بە نهێنی کار بۆ سەرخستنی ئەڵمانیا دژ بە وڵاتانی ئیتیلاف دەکەن و ئەرکی ئەو کارە نهێنییەش (سیخوڕی) بە ژێردەستەکیان وەک قۆچی قوربانییەک بە کورد دەسپێرن، ئەگەرنا کورد بەخێی ئەو نەتەوە بەهەزە نییە بکەوێتە شەڕی ئەو زلهەزانە و سیخوڕی لەپێناو خێی بەسەر ئەوانەوە بکات.

ئەوەی جێی سەرنجە دروستبونی ئەو تێگەیشتنە لەکن هەمانوسەکی بەریتانی وەک ئایستەر ماکین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینەیەی کورد لەناو خەلافەتی عوسمانی بەشدار بووە و ئەو خەلافەتە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لایەنگری ئەڵمانیای کردوە دژ بە وڵاتانی ئیتیلاف، یان ئەوە فەنتازیای هەمانوسەکە و هیچ پەیوەندی بە سیاسەتی بەریتانیاوە نییە!

کەواتە دەکرێ لەسەر بنەمای هەمان تێگەیشتن هەمانوسەکی کورد سایکس بیکۆ و دوبارە لێکدابێاندنەوەی جوگرافیای کوردستان، دواتر لە پەیمانی لۆزان لەباربردنی ئەتنۆمۆی کوردانی باکور و هەوشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر لە بەرانبەر دەستهەگرتنی ئەتاتورک

لە ویلایەتی موسڵ، بە زەرلکاندنی کوردانی باشور بە عەراق و هەرەسپێهێنانی شۆشەکەی شێخ مەحمود، نەپاراستنی کوردانی ڕۆژهەڵات لە بەرانبەر ئەرتەشی ئێرانی و لەناوچونی کۆماری مەهاباد، هەموو ئەو یاریپێکردن و بەکارهێنانە لەلایەن بەریتانیاوە بۆ باجی ئیسلامبون و تێهەیەک لە کوردان تێبگات!

لێرەوەیە ئەو ئەدەب و هونەرەی شۆی ئایینی و نەتەوەیی پەدەکرێ و دەکەوێتە خزمەت ئایدیۆلۆژیا لێبری پێکهاتەی نانەوەی دوبەرەکی و بۆ دوژمنکردنی مرۆڤ بۆ یەکتر، بۆ مانای ئەوەی بڵایەنی خۆی لەدەست دەدا و دەبێ بە سیاسەت.

خیانەتم لێ بکە!... هیوا سەعید

لەو شاعیرە لاوازانە نیم
بەم خۆشەویستەکەم بە وەفا بوو، بە تەنیا بەجێیهێشتم.

تۆ هیچ کات خۆشەویستم نەبوی،
خەم بۆ قوربانت دەکرد، چۆڕم لەو بچوکییەی خەم دەبینی!
نیەتم ئەوەبوو بەو ڕێیە داگیرت بکەم و
ئارەزوەکانم بەسەرتدا تاقیبکەمەوە.
سەیری ئەو دوویەی من بکە
دەمویست بە نوشتانەوە بگەمە خۆشی
تەماشا عاشق و خواپەرست هەر یەک کەسن!

وەفا زیندانێ،
بەو خیانەتە کەلەپچەی دەست و پێت کردەوە،
دەرونی خێت واڵا کرد.
تەماشا مەعشوق و کێلگە هەر یەک کەسن!
نە دەمەوێ بە چیرۆکی تەنیا مانەوەم
گەمە لەگڵ سەزی کەس بکەم،
نە ڕق بە کەسیش دەدەم بەزەیی پەمدا بێتەوە.
ئەوێ بە گەورەترین سوکایەتی بە خەم و ئەو دەزانم.
تەماشا عاشق و سیاسی هەر یەک کەسن!

لەو شاعیرە بەهەزانم
دڵم تۆ خۆشویستم نەبوی، کارستەم بوی!
بە وەفاییت نەکرد، خۆت ئازاد کرد.
کەسی من نەبوی هەتا بەجەمبەڵی
بە تەنیایی لەدایکبوم، بە تەنیایی دەمرم.

پەغەمبەرێکی منداڵ … هیوا سەعید

لەبەرئەوەی سیاسەت لە پانتایی بچوک بچوکی ئایدیۆلۆژی، نەتەوەیی، ئایینی ئەمەی خستۆتە بەرەی دژبەیەک و لێکی دابڕیوین، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر ئەوەیە بە یەکترمان بکاتە دۆست و ئاشنامان بکاتەوە، هەرچەندە ئەو بیرکردنەوە جوانە بچێتە خانەی خەیاڵەوە، هەتکردنەوەی ئەو جواناییە هەوایەتی دانە بە ناشیرینی، لێرەوەیە ئەو ئەدەب و هونەرەی دەکەوێتە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا بۆ ئەوەی هەوایەتی نەدا بەو ناشیریناییە ئیش لەسەر خەیاڵە جوانەکە دەکا، چونکە لە دواجار ئەوەی کۆشەی هەیە و پێویستە بەسەر بکرێتەوە تەنیا مرۆڤە، ئینجا ئەو مرۆڤە سەر بە ئایین و نەتەوەی سەردەستە یان ژێردەستە بێ.

لەلای سینەماکارە گەورەکانی جیهان هونەر چەکێک نییە بۆ لێدان لە نەتەوە و ئایینێکی تر بە مەبەستی بەرگری لە نەتەوە و ئایینەکانی خۆیان، لە هیچ بەرهەمێکی پییەر پاۆلۆ پازۆلینی و ئەندرێ تارکۆفسکی کاری لەم شێوەیە نابینرێت. ئەگەر وابێ ئەوان وەکو سینەماکارێک لە جیهانیبون دەکەون و هونەرەکەیان دەبێتە هونەرێکی لۆکاڵی.

بە پێچەوانەوە مەجید مەجیدی یەکێکە لەو سینەماکارانەی لە بەرهەمەکانیدا هونەر دەخاتە خزمەت ئایدیۆلۆژیا و مەزهەبگەرییەوە، وەکو ئێرانییەکی سەر بە ویلایەتی فەقێ و شیعە مەزهەبێک هەمیشە لە شەی نەیارەکانیدایە، ئەو نەیارە جارێک خۆی لە ئایدیۆلۆژیایەکی وەک مارکسیزم دەبینێتەوە کە لە فیلمی باران وێرانبونی ئەفغانستان

ئەوەندەی بە خەتای سوپای سۆفییەت دەزانێ بە خەتای تایبانی نازانێ، یان لە دواترین بەرهەمی بەناوی)محەمەد پەیامبەری خوا(شەی ئیسلامی سوننی دەکات.

لە فیلمە بەناوبانگەکەی مستەفا عەقاد بەناونیشانی)پەیامی ئیسلام(کە ئەو فیلمەیان جێگای هەزامەندی مەزهەبی سوننەیە، پێغەمبەر لە سەروی تەمەنی چل ساڵیدایە و بە شێوەکانی بەدر و ئوحد خەریکی گەیاندنی پەیامەکەیەتی، واتا لەو فیلمەدا پێغەمبەرێکی شەکەر و پەیامێکی توندوتیژت بەرچاودەکەوێ، کەچی لەو بەرهەمەی مەجیدی بەس ژیانی منداڵی بەر لە پێغەمبەرایەتی محەمەد دەبینی، منداڵێکی نەرمونیانی فریشتەئاسا دوای ئەوەی بۆ باوک کەوتوە مامی لەخۆی دەگرێ، ئەو مامەش ئەبولەهەب نییە، هەمزە نییە، ئەبوتاڵیبە.

پێکردنەوەی تەواوی فیلمەکە بە ژیانی منداڵی پێغەمبەرلەبەر گۆڕانەوەی سەردەمی منداڵی ئەو نییە، بەکو منداڵ ئاماژەیە بۆ پاکی و بەرائەت، گۆڕانەوەی مەجیدی لەبری شەڕانگێزی بەدر و ئوحد بۆ ئەو تەمەنە لەپێناو بەفریشتەکردن یان ڕاستر بۆ بەعیساکردنی پێغەمبەر محەمەدە، هەتا لەگەڵ ئەو دنیابینییە سۆفییانەی ئێران بەرەوی پێدەدا دژ بە مەدرنە و شارستانییەتی خۆرئاوایی یەکبگرێتەوە.

لە هەمان کات ئێران وەک کۆمەڵگایەکی جێگیری کستوکاڵی بۆ جیاکردنەوەی شارستانییەتەکەی لە بەرانبەر بیابانشینەکانی دورگەی عەرەبی و کلتوری هەرش و بەتاڵانبردن کە دواتر لە ئیسلامدا لە فتوحات و غەزو تەرجەمە دەبێتەوە خێی دور بگرێ.

لە هەمووی گرنگتر بۆ ڕوونی ئەبوتاڵیبە لە پەنادان و لەخۆگرتنی ئەو پێغەمبەرە منداڵە، دەیەوێ ئەوە نیشانبدا سەرکەوتن و گەیشتنی پەیامەکەی بۆ ئەبوتاڵیبی باوکی ئیمامی عەلی و باپیری حەسەن و حوسێن دەگەڕێتەوە. ئەوەش بۆ هێشتنەوەی ئەو شیعەیەی ئەمڕۆ ئێران ڕابەرایەتی دەکا، بە بیانوی ئیسلامبونەوە نەکەوتە بن قەڵەمەوی عەرەب و ئیسلامی سوننییەوە. بە مانای ئەوەی سەرەتا بۆ خزمەتی شیعەگەرایی، لە کۆتایی مەزهەبی شیعە وەک کەرەستەیەک بۆ پاراستنی شوناسی ئێران.

من پیاوم … هیوا سەعید

من پیاوم
حەزم لێیە ماڵکم هەبێ لە باخ
سێ جۆگەلە بەناویدا بڕوا
یەکێک شیر،
یەکێک هەنگوین،
یەکێک شەراب
هەمیشە تاڵ و شیرین و مەست بم!
بەهەشت وەکو خەیاڵی منە.

من پیاوم
حەزم لە ژنی زۆرە
ژنی جوان،
تازە بوک
هەموو شەوێک بە زاوا ببم!
بەهەشت وەکو خەیاڵی منە.

من پیاوم
حەزم لە ژیانێکی نەمرە
پیر نەبم،
نەخۆش نەکەوم،
هەر گەنج بم!
بەهەشت وەکو خەیاڵی منە.

من پیاوم
پەراسوی چەپم ئێرەییم پێ ببا
چەندین جۆری کوشتن هەیە
بە گوللە،
بە سەدارە،
سوتانی بە ئاگر لە هەموان کوشندەترە!
دۆزەخ وەکو خەیاڵی منە.

"هیوا سەعید"

نیشتیمان … هیوا سەعید

نیشتیمان چییە!
ئەو بازرگانە دزیە
خەراکی بەسەرچو دەفرۆشە،
یان ئەو تەختەفرۆشە فێلبازیە
تەرازوەکەی ناتەواوە،
یان ئەو نانەوا کەمتەرخەمیە
نانی خاوم نەداتە، هی سوتاوم دەداتە؟

نیشتیمان چییە!
ئەو دراوسێیە بەباکیە
لە ژورەکەم بمرم سەرکەم لێهاتناکەشە،
یان ئەو خزمە چەتیە
کەسایەتی و
سامانم بە تاڵان تێدەگا؟

نیشتیمان چییە!
ئەو خاوەن خانوە چاوچنۆکیە
لە نیوەی مانگەوە
تەنگی کرێیەکەم پێهەڵدەچنێ،
یان ئەو بەڕێوەبەرە بەهەستیە
کاتژمێرێک لە کار دوابکەوم
هەموو ڕۆژەکەم بە نەهاتو دەژمێرێ؟

نیشتیمان چییە!
ئەو سیاسییە درۆزنیە
بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پێشوی بەجێنەهێناوە
بە هەڵبژاردنی ئەمجارە بڕوانی دیکەم پێدەدا،
یان ئەو حیزبە خائینانەن
لە جەنگدا برایەکیان بە کوشتن داوم
براکەی ترم دەنێرن بە مفاوەزات؟

کەس پێم نڵێ نیشتیمان خاکەکی بە پیتە

کەس پێم نڵێ نیشتیمان ماڵە
کەس پێم نڵێ نیشتیمان ئاساییشە

خاکی بەبەر هاوڵە غوربەتە
ماڵی بەبەر خۆشەویست وێرانەیە

نیشتیمان کام ئاساییشە؟
ئەو هەزار گۆیەی
گفتوگۆی من و هاوڵێیەکەم دەبیستە،
یان ئەو هەزار چاوەی
تەماشای ماچی من و خۆشەویستەکەم دەکا!

لەبارەی سێکس و ئەخلاقەوە … هیوا سەعید

کاتێک تێگەیشتنی سێکس لە تێگەیشتنی ئەخلاق دەبەستریتەوە، لێگەڕانەوەنان و گەڕکردنی وشەی سێکس یەکسەر کردەیەکی نائەخلاقی و دیمەنێکی نەشیاو و تێگەیشتنێکی نێگەتیڤمان بۆ دروست دەبێ. کەچی سێکس پەیوەندی بە ئارەزو هەیە و ئەخلاق پەیوەندی بە ویست و ئیرادەوە هەیە و لە یەکتر جیاوازن. هەروەها ئەم دووانە ئارەزو و ویست لە بەریەککەوتن و ململانێدان، هەندێک شت هەیە ئارەزو دەیەوێ و ویست دەبێتە ڕێگر لە بڕدەمی و سەرکوتی دەکا، بۆ پێچەوانەی زۆرجار ویست بڕگەی ئەو ململانێیە ناگرێ و دەکەوێتە بن دەستاتی ئارەزووەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین سێکس چێژە و ئەخلاقیش پابەندبونە، یان پابەندبونێکی ناوەکی و دەرەکییە.

لە زمانی ئینگلیزی هەردوو وشەی ئیتیک (Ethick) و مۆڵ (Moral) کە بە مانای ئەخلاق دێن لە وڕگێڕانیان بۆ کوردی ئیتیک دەبێتە ڕەوشت و مۆڵیش یانی ئاکار.
لەبڕئەوەی ڕەوشت ئەو جۆرە ئەخلاقیە لە دڕەوە و لایەن ئەوانیتری وەک ئایین و کلتور و یاساکانی دەوڵەتەوە بەسەر مرۆڤ دەسپێنرێ. بە مانای ئەوەی هەندێک حەز و ئارەزو هەیە لە ترسی باج و سزادانی ئایینی و کلتوری و یاسایی مرۆڤ ناوێرێ مومارەسەیان بکا

و پابەندبونی بە هۆشت پابەندبونکە لە ترسان و هۆشتیش ئەخلاقکی پیشەیی و هەبژاردنکی ناچاریە.
لە بڕانبەردا ئاکار ئەخلاقکە بە هیچ ترس و سەپاندنک لە ناوەوەی مرۆف دەتە دەرەوە و جگە لە گوگرتن لە دەنگی ناوەخی پابەند نیە بەو یاسا و هەسایانەی لە دەرەوەی ئەو بونی هەیە.

کەواتە سکس ئەوکاتە دەبتە بە ئەخلاقی ئگەر هاتو ئارزو لەپناو تڕکردنی خی سی لە زڕلکردن و دەستدڕژی نکردوە و گوی بو دەنگە ناوەکییە و بە ئاکار ندا.
لەرەدا نائەخلاقییکە پیوەست نیە بە وروژاندن و لکخشاندنی جەستەیی، بەکو لوەدایە بڕانبڕکی وک کڕەستەی تڕکردن و لە خزمەت ئارزوی خی بکارهناوە و ویست و ئیرادەی لە زوتکردوە. واتا بە ئەخلاقییکە لە زوتکردنی ویست و ئیرادەکە دایە. ئەگەرنا کردەی سکس بخی تنیا چژە و هیچی بسەر بابتی بە ئەخلاقی و بە ئەخلاقییوە نیە.

من مرۆڤکی ئاسایی نیم … هیوا سەعید

تە دەبە بیر لە من بکیتەوە
هەمو کەس شایانی بیرلکردنەوە نیە
من جیاوازم.

بە وردی بە باڵم هەگڕێ
سەیری لسەر پە وەستانم بکە
سەیری بریسکەی چاوم بکە
سەیری دەستم و ئەو مشتانەی دەیانوشنم
پارچەیکم لە هەز.

من بڕگەی تنیایی دەگرم
تە هەمیشە خەت بەوانیتر هەدەواسی
من بەهەزم
تە لاوازی

من خەمم
تۆ ئەوانیتری
من لە ئێستا دەژیم
تۆ لە ڕابردوو دەژی، لە داهاتوو دەژی
من بەختەوەرم
تۆ دڵتەنگی
من بەیار دەدەم
تۆ بەیار دەدەیت و پێشیمان دەبیتەوە.

چبو..!
هەستت بەوەکرد خەهەکەشم؟
هەستت بە هەڵەی دابردی
من خەم دەناسم
تۆ خەت ناناسی.

تۆگەیشتی چیم وت!
وتم هەست هەڵەکار
ئەم وشانەم بە دەڵقانە دەبیستی،
بە بەبەزەییەم تەدەگەی،
لەو خەبەگەورەزانییەم زویر دەبی،
زویر بە.
ئەدی نەمگۆ دەست دەوەشێنم!

من بەڵام!
ئەوەی توشم دەبە، لەم نابەتەوە
هەرچەندە پیرەزییەکانم شکاندی
هێشتا ناتوانی دەستبەردارم بی.
ئەدی نەمگۆ هەمو کەس شایانی بیرلەکردنەوە نییە!

لەنەوان خەبەگەورزانی و چاکیم
لەنەوان دەڵەقی و ڕاستگۆیەم
لەنەوان بەبەزەیی و یەکەوییم
سەرت لەم سوماوە.
ئەدی نەمگۆ من جیاوازم!

جیاکردنەوەی شەکر لە خۆ قورسە
ئەوندە لەم وردبوونە هەتا دەبی بە مەرولە
من مەتەڵکی ئاڵزم

ئاشکرام بکەی، وەک منت لە دە
وەک من گەورە.

مامۆستای من … هیوا سەعید

ئەفلاتونم خوێندەوە
بۆتام بە مامۆستای خۆم دانا
هیگێیشم خوێندەوە
هێر بە مامۆستای خۆم دانا
نیچەشم خوێندەوە
ئەویشم بە مامۆستای خۆم دانا.

بە منداڵی
کچێک هەبوو
هەموو جارێ دایکم دەی وت
گەورە ببی بۆت دەخوازم
هەتا من گەورە بووم
کچەکە بزر بوو
مامۆستای من ئەو کچە بوو.

ئەگەر عەشقی ئەو نەبا
لە فەرمە بەرزەکانی ئەفلاتون نەدەگەیشتم
نەمدەزانی لە میتافیزیکدا
فەرم هەڵە یان کردار
ئەو کچە فەرمی ناو سەرم بوو.

ئەگەر عەشقی ئەو نەبا
لە دیالێکتیکی هیگێ نەدەگەیشتم
نەمدەزانی هێش چۆن دەبێتە دوو بەش
ئەو کچە هێشمی لەخۆی دابڕی.

ئەگەر عەشقی ئەو نەبا
لە سوپەرمانەکەی نیچە نەدەگەیشتم
نەمدەزانی خوا چۆن دەمرێ،

یان خواش هەمان فەرمەکانی ئەفلاتونە
ئەو کچە خوای من بوو.

ئەوەی فرمێسکی چاوی مەولانای تام نەکردبێ
کە لێ بەدلێر دێگا کە دەڵێ:
سەرەتا خۆشەویستەکەم ماچ دەکەم
ئینجا پێی دەڵێم خۆشمدەوێی.

ئەوەی بێ منداڵی
دایکی خوونکی لەسەر نانابێ
وەکو حەللاج کوشتنم بێ هەق دەزانێ بێ کچێک دەڵێم خوا!
ئەوێ وشکانی دەمی دایکم بوو
منی کافر کرد.

من پیاوێکی سیاسیم … هیوا سەعید

من پیاوێکی سیاسیم
ناسینی کەسم لێ زیاد نییە
زانا و نەزان
مەلا و قەحپە
شاعیر و بازرگان
هەمووی بە دەستی خەم دەزانم
ئەوەی گوێی هەیە با تێبگا.

من پیاوێکی سیاسیم
لە پشتەوە دەوەستم بە ئەوەی بچمە پێشەوە
نەرە دەگرم بە ئەوەی نەرەبەی بکەم
سەاو لە هەموان دەکەم
بە ئەوەی وەڵامی کەس نەدەمەوە
لەگەڵ هەژارەکان دادەنیشم
بە ئەوەی بگەمە سەرمایەدارەکان
ئەوەی چاوی هەیە با ببینێ.

من پیاوێکی سیاسیم
لە پێنا لێبوردەیی گەورەییم دەوێ
کۆرێک لە شەقام دەپێنمەوێ
بە ئاوەی چاوساغەکان بە هێدەردا ببەم
قۆڵ دەخەمە بن باڵی شۆڵک
بە ئاوەی ئاوستاوەکان بەردەمەوێ
کە بە منداڵێک دەنوشتەمەوێ و دەست لە ملی دەکەم
بە ئاوەیە گەورەکان
لە بەردەمم بکەونە سەرچێک و
دەست بە پەمەوێ بگرن
ئاوەی هەشی هەیە با بیر بکاتەوێ.

ژنیش هەر پیاوە، بە پێچەوانەوەش ... هیوا سەعید

لە کەمپەینگای پیاوسالاردا لەبەرئاوەی ژن بە بونەوەرێکی لاواز دەبینرێ منداڵیش بە گریان و فرمێسک ڕشتنی دایکی دەکەوێتە دەخی بزێیی پەهاتنەوە، بە پێچەوانەوێ پیاو بە کەسێکی بەهێز تەماشا دەکرێ و منداڵ بە شکستی باوک تێکدەشکێ.

فرێید دەڵێ گەلی بەنی ئیسرائیل لە دەست و بازوو و هێزی موسادا وێنای خوایان دەکرد و لە خوا تێدەگەیشتن. میشێل فوکۆش دەڵێ سەرەتا وێنە مرۆڤی بە هەڵەدا بردووە و بیروباوەڕی ناڕاستی بە دروست کردووە.

لە میتۆلۆجیای یۆنانی لایرس پاشای شارێکە بەناوی تیبا، دوای چەند ساڵ لە مەراقی بە منداڵی لەگەڵ جۆکاستای هاوسەری وتوێژی ئەوە دەکەن بچێتە شاری دێلفی لای کاهینەکانی ئەپۆڵۆ پێشبینی داهاتووی بۆ بکەن. کە دەچێ یەکێک لە کاهینەکان پێی دەڵێ ئەگەر منداڵت ببێ ئەو منداڵە تۆ دەکوژێ و دایکی خۆشی لە خۆی مارە دەکاتەوە. هەرچەندە لایرسی پاشا نایەوێ ڕوبەڕوی ئەو چارەنوسە ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆیلەکیان دەبێ بەناوی ئەدیب. بە ناچاری یەکێک ڕادەسپێری

ئەو منداڵە ساوایە ببا لە دووری ئاوەدانی فڕێبدا و لە برسان بمرێ. چارەنوس بە دڵی ئەو ناکەوێتەوە شوانێک منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیبا بۆ شاری کڕینت، لەوێ دەیبەخشێ بە پاشای شارەکە. پاڵیباس پاشای ئەو شارە و ژنەکەی منداڵیان نابێ، ئێدیب دەکەن بە کوڕی خۆیان.

ئێدیب گەورە دەبێ و ڕۆژێک سەرخۆشێک پێی ڕادەگەیەنێ ئەو کوڕی ڕاستەقینەی ئەو دایک و باوکە نییە، هەرچەند پاشا و ژنەکەی ئەو قسەیە ڕەتدەکەنەوە بەس ئەو هێشتا دڵنیا نییە، بۆیاری ئەوە دەدا بچێتە شاری دڵلفی لای کاهینەکانی ئەپۆلۆ هەتا لە ڕاست و دروستی ئەو قسەیە بکۆڵێتەوە. کاهینەکە دیسان دەڵێ تۆ لە دواڕۆژ باوکی خۆت دەکوژی و دایکیشت لەخۆت مارە دەکەیەوە. تا ڕێ لەو پێشهاتە بگرێ ناگەڕێتەوە کۆرنت بەکو سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاری تیبا جێی لەدایکبوون و شاری دایک و باوکە سەرەکییەکەی خۆی دەکا. کە دەگاتە دەروازەی شارەکە گالیسکەیەک و چەند سەربازێک لەناو تیبا ڕادێن، لەو بەیەکداچوون و لێکگیربوونەدا لەسەر ئەوەی کامەیان تێپەڕ ببن دەبێتە کێشە و شەڕیان، لە شەڕەکەدا ئێدیب هەموویان دەکوژێ. دواتر بەرەو ناو شار دەبێتەوە و لە ڕێگا ڕێکەوتی خەڵکانێک دەکا لە شارەکە باردەکەن، لێیان دەپرسێ بۆچی دەڕۆن؟ پێی دەڵێن لە چیاکانی ئێرە دەعبایەک دێتە خوارەوە پرسیار لە خەڵک دەکا ئەوەی وەڵامەکەی نەزانێ دەیخوا.

ئێدیبیش یەکسەر دەچێتە ناو چیاکان دەعباکە دەبینێتەوە و وەڵامی پرسیارەکەی بەڕاستی دەداتەوە، لە ترسی زیرەکی ئێدیب دەعبایەکە هەڵدێ و خەڵکەکەش دەگەڕێنەوە شارەکەیان. لەبری ئەو چاکەیەدا ئێدیب بە پاشای تازەی خۆیان هەڵدەبژێرن و جێگاستای ژنی پاشا کۆنەکەش کە کوژراوە لێی مارە دەکەنەوە. لە سەردەمی پاشای تازەدا تاعونێک ڕوو لە شاری تیبا دەکا، کەسێک دەنێرن بۆ دڵلفی لای کاهینەکانی ئەپۆلۆ لە هۆکاری ئەو تاعونە بکۆڵێتەوە. کەسەکە دەگەڕێتەوە دەڵێ کاهینەکان وتیان چارەسەری ئەم تاعونە بەوە دەکرێ بکوژی پاشای پێشوو بدزرێتەوە. لەو ماوەی ئێدیبی پاشا خەریکی گەڕان و لێپێچینەوە دەبێ بەدوای بکوژی پاشا کۆنەکە هەموو ئەو نهێنییانەی بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەو خۆی لە دەروازەی شار لایسی پاشا (کە دەکاتە باوکی خۆی) کوشتوییەتی و ژنەکەشی (کە دەکاتە دایکی خۆی) لەخۆی مارە کردێتەوە. بە زانینی ئەو ڕاستییانە وەک شەرمەزارییەک لەو کردەوانەی هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکات و لە شاری تیبا دەڕوا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەفسانەیە فرێد گرێی ئێدیپ دەدۆزێتەوە، بەر لە فرێیدیش دەستێپەسکی لە ڕۆمانەکانی بەرجەستەی ئەو کارەکتەرەی گرێی ئێدیپی هەیە کردووە، بە تایبەت لە ڕۆمانی سوک و سواکان بەوەی کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند لە منداڵییەوە بەبێ دایکی و بە چەپێندراوی لە بن دەسەڵاتی باوکێکی پارەدار گەورە دەبێ. ئەوکاتەشی بەنیازی هاوسەرگیرییە دەکەوێتە پێش دوو هەڵبژاردن لەنێوان خۆشەویستی کچێکی هەژار و کچێکی دەوڵەمەنددا. باوکەکە کچە دەوڵەمەندەکە بە هاوشانی خۆی دەبینێ و زۆر لە کوڕەکەی دەکا ئەویان بخوازێ، کوڕەکەش ویستی بەلای کچە هەژارەکەیە، مامەڵەی ئەو کچە هەژارە لەگەڵدا مامەڵەیەکە نازی هەڵدەگرێ و بەدەمییەوە دەچێ و چاودێری دەکا بە کورتی مامەڵەیەکی دایکانەیە. یان لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف دەستێپەسکی لە ڕۆی سێ برای دایک مردوو (ئەلێکسی برا گچکە بەدینەکە)، (ئیڤان برا ناوەندییەێ بێدینەکە) لەگەێ (دیمیتری برا گەورەیان کە نە بەدینە نە بێدینە). دەیەوێ جگە لەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرنە و پێستمۆدێرنە بخاتەووو، ئەوەشمان نیشان دەدا ئەو برا گەورەیە (دیمیتری) چۆن پیرۆزییەکان دەشکێنێ و حەز لە دەزگیرانەکەی باوکی دەکا بەبێ ئەوەی وەک ئێدیپ پەشیمان ببێتەوە یان لە شەرمەزاری ئەو کردەوەیەی خۆی کوێر بکا.

فرێید پێیوایە منداڵ بێ ساوایی کاتێ دایکی شیری پێدەدا و ژێری پاک دەکاتەوێ و لە باوەشی خۆی دەیلاوێنێ ئەو جۆرە چاودێری و خزمەتکردن و نازکێشانە هەستێک لە ناخی منداڵەکێ دەچێنێ واتەدەگا ئەو شتانە تەنیا بێ ئەوێ و ئەو ژنە موڵکی خۆیەتی. کاتێکیش بێ نموونە منداڵی نێرینە دەزانێ دایکی ئەو خزمەت و نازهەڵگرتنە بێ مەردەکێشی دەدا ئیدی بێ پێیدابوونی ئەو هاوبەشێ هەستی بریندار دەبێ و باوکەکێ بێ ناحەزێک دەبینێ و بێ ئاواتی لەناوچونییەتی. یان لە تەمەنێکی گەورەتردا وەک ئەو ماڵە خانەدانانەی ڕۆدەکەوێ ئەو ژن و مەردەی منداڵەکەیان لە ژوری نوستنی خۆیان دەنوێنن چاوی بەو دیمەنانەی لە سەرجێی ژن و پیاودا ڕودەدا بکەوێ. لەو تەمەنێیدا هیچ لە پێیوەندی ئەوان تێناگا هەرئەوەندە هەست بێ توندوتیژییەک لە جووڵە و تاودانی باوکی بێ دایکی دەکا. ئەگەر لە فرستەکیشدا بیەوێ ئەو جووڵە و تاودانەی باوکی بێ دایکی دووبارە بکاتەوێ، لەوانەیە دایکی پێی بڵێ باوکت بتبینێ چوکت دەبڕێ. هەنگە منداڵەکە بەو سەرکوتکردنە بگاتە ئەوەی کچێکان بێیە ئێندامی نێرینەیان نییێ باوکیان لێی بێیون.

لێرەدا ئەو باڵادەستییەی باوکی بەسەر خۆی و دایکی دەبێتە مایەی

هەڵگرتنی قینەکی شاراوە لە باوکی و سزەک بەڵای دایکیدا. دواجار لەگەڵ ئەوەی منداڵەکە خۆی و دایکی وەک دوو قوربانی لاواز و ملکەچ لە بن باوکە دەسەڵاتدار و زۆفتکارەکەی دەتە بەرچاو لە هەمان کات دروستبوونی ئەم قینە لە باوک و ئەم سزە بە دایکی بەرهەمی بینین و بیستن یان وێنە و وشەیە.

جاک لاکانیش لە درێژەی ئەم باسەدا یەکەم نامۆبوون بە قۆناغی ئاوێنەیی دەگەڕێنێتەوە، ئەو قۆناغەی منداڵ خۆی نێناسیو و نازانێ ئەو کەسەی ناو ئاوێنەکە خۆیەتی، منڵ بچوکەکەی بەراورد بە وێنە گەورەکەی ناو ئاوێنەکە تێکشکاوە و لە هەوڵی ئەوە دایە بشوێبکی خۆیاڵی ئەو تێکشکانە چاک بکاتەوە و ببێ بە کەسی ناو ئاوێنەکە. لە قۆناغێکی گەورەتریشدا دایک و باوک بە وشە منداڵەکیان ئاراستە دەکەن و چوارچێوەی بوونی بە دادەنێن.

ئەو بۆچوونەی فرێید ئەوەی لێدەکەوێتەوە گرێی ئیدیب ئەو گرێیەیە لە تەمەنی منداڵیدا لەلایەن کوڕەوە مەیلی بە دایکی هەیە و باوکی وەک بەربەستێک دەبینێ، لە ئەنجامدا ڕقی لە باوکی وەک پیاوێک دەبێتەوە. ئەو چەپاندنەش لە داهاتوو مایەی ئەوەیە مەیلی بەلای پیاودا بکەوێ. یانی جارێکی تر ڕەچاوی ژنبوون (مێینەبوون)ی دایکی لە بەردەم باوکیدا بگۆڕێتەوە.

هەروەها جیا لە ئیدیب، ئەلێکترا لە میتۆلۆجیای یۆناندا کچی ئاگامەمنون پاشایە، لەوکاتەی باوکی دەچێتە شەڕی تەواوە کلمنسترای دایکی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکی تر دادەنێ و لە گەڵانەوەی مردەکەیدا بە پیلانێک بەدەستی خۆشەویستەکەی دەیکوژێ و دەسەڵات دەگرنەدەست. لە کاردانەوەی ئەم خیانەتە لە باوکیان ئەلێکترا و برایەکەی لە دایکیان هەدەگەڕێنەوە، سزای ئەم هەگەڵانەوەیەش بە گیرانی ئەلێکترا و هەڵاتنی برایەکەی تەواو دەبێ. دوایی سەرەڵای ئەوەی ئەلێکترا لە زیندان بەردەبێ هەشتا لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە و وەک ناڕەزایەتییەک لە دایکی پرچی خۆی دەبڕێ، ئەمجارەیان سزاکەی دەبێتە نەفیکردن. لە ماوەی نەفیبوونەکەیدا بە یارمەتی برایەکەی پیلانێک دادەنێن کلمنسترای دایکیان و خۆشەویستەکەی بکوژن، هەرواش دەکەن و ئەلێکترا بەدەستی خۆی دایکی خۆی دەکوژێ.

گرێی ئەلێکتراش ئەو گرێیەیە لە تەمەنی منداڵی لەلایەن کچەوە مەیلی بە باوکی هەیە و دایکی بە ڕکەر تەدەگا، ئەو تێگەیشتنە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕقی لە دایکی وەک ژنێک ببێتەوە. دواتریش وەکو

تەکردنەوەیەک لە دایکی کە بۆتە هۆی لێکردنی ئەو و باوکی حەز لە ژن دەکا. بە مانای ئەوەی جارێکی تر ێی پیاوبوون (نێرینەبوون)ی باوکی بۆ دایکی دەگ ی و بەرجەستەی دەکاتەوە.

کەچی بە لێک ینەوەی لاکان ئەو مەیلەی کچ بەلای باوک و نیگەرانی لە دایکی لەبەرئەوەیە دایکێک خۆی فالۆس (ئاوڕی نییەتی) و ئاویشی بۆ فالۆسی هێناوەتە بوون، ناچار بۆ پێکردنەوەی ئەو بڕیارە کچەکە لە باوکی نزیک دەبێتەوە. واتا بوونە تێکشکاوەکەی لە پانتایی واقیعدا بەشێوەیەکی خەیاڵی چاک دەکاتەوە، چونکە حەز لەپێناو تێربوونیدا باز بەسەر واقیع دەدا و خۆی دەگەیەنێتە پانتایی خەیاڵی و پانتایی سیمبولی و جێگ کەی ئەم بەویتر و سەرتریش دەوا تا ئاژەتن و ملکەچی ئارەزوومەندانە و ئەو ئەنجامەی کە سێکس جەستە نییە، وێناکردن و خەیاڵە.

لە کۆتایی میشێل فوکۆ لەوە زیاتریش دەچێ و دەڵێ هەگەزیش بوونی نییە، ئەم دابەشکارییە وشە دروستی کردووە. کەواتە بە گ ینی مانای وشەکان کلتوریش دەگ ێ و ئەو جیاوازییە هەگەزی و جێرە وێناکردنە هەدەوەشێتەوە.

لێشفرێشی ێژەێاتی … هیوا سەعید

دواجار كه بينيم
وتي جيابونەوه ئادابی خۆی هەيه
پەيوسته نهێنييەكانيشمان بپارێزين
بەڵام من دەست بۆ ئادابەوه ناگرم
نهێنييەكان ئاشكرا دەكەم
يەكەم جار ئەوم لە يانەيەكی شەوانە بينی
چيرۆكی خۆی بەم گ اوە
وتی هەژاری ناچاری ئەو كارەی كردم
وتی باوكم پەككەوتەيە،
وتی لە خانوی كرێدا‌ين،

وتی برایەکانم بەکارن و ئەمەش برسیمانە
مژەکی قوڵی لە جگەرەکەی دا و هەناسەیەکی گەرمی دایەوە.
وتی چبکەم ناچارم!
ئەوشەوە ئەوم وەک لەشفرۆشێک ناسی.

ڕاستترە بڵێم لەشفرۆشیکم خۆشویست
پێش من هەر پیاوێک لەگەڵی نوستبوو پێیوتبو خۆشمدەوێی
من لێم پرسی کاممان پیسین
وتی من
وتم بۆ قسەی کە عیسا لە مەریەمی مەجدەلی پاکتر!
هەستی بەوە کرد گەلە پیاوم.

ئەو لەشفرۆشی ناو شانۆگەریێ نەمانسیەکان نەبوو
لە بری پارە
ئەوەندە بە ئەو بەس بێ
ڕەفتەکەی سەری دایکم بکەمە ملی و
ئیدی وەکو ژنەکی داوێن پاک سەیری بکەم.

ئەو لە ناوەوە پاکیزەیی لەدەستدابوو
لە نێوان قژەم و سوراو هەر خەریکی سوراو بوو
لە نێوان شیعر و جوانکاری هەر بەدوای جوانکاری بوو
لە نێوان کتێبخانە و ئارایشتگا هەر لە ئارایشتگا بوو.

جارێک وتم شاعیرێک دەڵێ
پیاوی ڕەزەڵاتی تەنیا لەسەرجێ ژن دەناسێ
وتی ژنی ڕەزەڵاتیش پیاو بەو شێوە نابێ
بێ پیاوی نازانێ!

ئەو نهێنییەی ئەو خەمی بوو
ئەوێ نییە وەک لەشفرۆشێک باسی بکەم
لە دەمەدەمەکدا وتبوم تۆ ژن نیت کاڵای
لە قاقای پێکەنینیدا،
وتی دەنا من نوێنەری کیشوەرێکم
لەڕ هیچ ژنێك نادەزیتەوە
وەک من بیرنەکاتەوە!

لە نێوان سیاسی و فەیلەسوفدا … هیوا سەعید

سیاسی: بۆچونێک هەیە دەڵێ ئاوەژی بزانێ دیالێکتیک چییە فەیلەسوفە.
فەیلەسوف: لە دیالێکتیکی هیگڵ هێش لەخۆی دادەبڕێ و دەبێ بە دوو بەش، دواتر لە نێوان ئەو دوو بەشە ململانێ سەرهەڵدەدا، سەرەتا بەشکیان دەبێ بە چاودێر بەسەر ئاویتر، بەشکەی دیکەش دەبێ بە کڕستە و بابەتی لێکۆڵینەوە بە ئەم.

سیاسی: پێش سەرهەڵدانی ململانێکە ئەو دابڕانە لەناو هێش چێن ڕوودەدا؟
فەیلەسوف: سوکرات دەڵێ خۆت بناسە، مەبەستی لە خۆناسین ئاوێنە خۆت فڕێ زانین بکە بەکو بە زانین هێشت لەخۆی دابڕێ و ببێتە دوو بەش، بە ئاوەژی بە بەشە دابڕاوەکە لەخۆت بە ئاگا بی و هێشاریت لە بارەی خۆتەوە هەبێ.
کەچی لە ڕوانگەی سارتەر بەشی دووەمی هێش لە ڕێی زانینەوە دروست نابێ، چونکە بەشی دووەم بە دابڕان لە بەشی یەکەمی هێشەوە پێیدا دەبێ.

سیاسی: هێشتا وەڵامەکە ڕون نییە، دیسان ئایا هێش چێن لەخۆی دادەبڕێ و دەبێ بە دوو بەش؟
فەیلەسوف: ئاڵبێر کامۆ پێیوایە مرۆڤ بەردەوامی یاخی ببێ هێست بە چەوسانەوەیەک لەلایەن ئاوانیتر یان نامۆبوون و دابڕانێک لەوانیتر دەکا، ئیدی لەو دەخە هێشیار دەبێتەوە و بە هەلومەرجی خۆی دەزانێ. بەو مانایەی خۆی دەناسێ و لەخۆی بە ئاگا دێ. واتا هێشی لێک دادەبڕێ و دەبێ بە دوو بەش، بە بەشە دابڕاوەکە لەخۆی دەکەوێتەوە و تێگەیشتنی لەسەر خۆی دەبێ.

سیاسی: هەتا هێش لەخۆی دانەبڕێ و نەبێتە دوو بەش ئەو هێشە زانین وەرناگرێ، بۆچی فەیلەسوف ئەوەندە قسەی خۆی لای ئەو کەسانەی تێناگەن بە خەسار دەدا؟
فەیلەسوف: هەنجەرێکی ماندوو بەلای فەیلەسوفێکدا تێدەپەڕێ، ئەویش داوای ئەوەی لێ دەکا کەمێک لەکنی پشوو بدا. دوای ئاوەژی

ەنجبەرەکە دادەنیشە فەیلەسوفەکە دەڵێ بە ئاوەی لەو چەوسانەوەیە ڕزگارت ببێ گوێ بگرێ لەو زانینەی فێرت دەکەم.
یەکەم: پرسیارێک لە تۆ نەکرا لەخۆتەوە وەڵام مەدەوە، دووەم: شتێك لە تۆ داوانەکرابوو مەیدە.
ەنجبەرەکەش بە پێکەنینەوە دەڵێ چاک نەبوو زانینەکەت بەخۆایی بوو ئێگەرنا پارەکەشم دەچوو.

سیاسی: فەیلەسوفەکە بەو گاڵتەپێکردنە هەستی نەوشا؟
فەیلەسوف: بە تێگەیشتنی هایدگەر ئەو ەنجبەرە لەبەرئەوەی هێشی لەخێ دانەبڕاوە بێیە بوونیشی لەناوخێیتی و خێ دەرنەخستووە. ئەو جۆرە بوونەش بوونێکی ناەسەنە و توانای تێگەیشتنی لە زمانی ئەو مرۆڤە ەسەنە نییە کە بوونی خێ دەرخستووە و قسەکانی تێگەیشتن دەدا بەدەستەوە. کاتێکیش فەیلەسوفەکە هەموو ئەو شتانە دەزانێ و ئاستی زانینی ئەو هەدەسەنگێنی نەک خەم لەو سوکایەتییەی ئەو بە زانینەکەی کرد ناخوا، بە پێچەوانەوە جارێکی تر لە بازاڕ ێکەوتی دەکاتەوە دەبێنێ ەنجبەرەکە دەستگیرکراوە لەسەر ئەوەی کەسێک ویستویەتی کاەک بخوا ئەم لەخێیەوە چەقێی پێداوە. کەسەکەش کە چاوی بە چەقێیەکە کەوتووەێ هاواری کردووە ئەو چەقێیە لە من دزراوە ئەو دزە بگرن. فەیلەسوفەکەش لەوە بە ئاگایە ئەو ەنجبەرە بوونێکی لەناوخێ و ناەسەنی هەیەێ، زمانە لەکارکەوتووەکەی تێگەیشتن نادا بەدەستەوە و هی ئەوە نییە بتوانێ بەرگری پێ لەخێ بکا، بە بن گوێیدا دەچرپێنێ: کاتی خێ فێرم کردی شتێک لە تێ داوانەکرابوو مەیدە گوێت لێم نەگرت. ئەمجارە جوان گوێبگرە، بڵێ: نازانم ئەو چەقێیە هی کێیە و دەمێکە بەدوای خاوەنەکەی دەگەێم لەبەرئەوەی بەو چەقێیە باوکم کوژراوە.

سیاسی: فەیلەسوفەکە پێشتر لە فێرکردنی ەنجبەرەکە ئەوەی ئەزموون کردبوو زانین بە زانین دروست نابێ و دەبێ هێش لەخێ دابڕێ ئینجا زانین وەردەگرێ.
فەیلەسوف: فەیلەسوفیش لەگەێ ئەوانیتر فێر دەبێ.

سیاسی: دووبارە بە هانای ەنجبەرەکەوە چوو ویستی چی فێر بکا؟
فەیلەسوف: زانین چاکەیە.

سیاسیی: ئەو هێشی لەخێ دانەبڕاوە، فێرنابێ.
فەیلەسوف: ەنگە دوای ئەو ەوداوە هەست بە چەوسانەوەی خێ بکا و ئەو هەستەش ببێتە هۆکارێک هێشی لێک دابڕێ و بەخێیدا بچێتەوە.

سیاسی: کەواتە دەبێتە فەیلەسوف.
فەیلەسوف: ئەو هۆشەی لەخۆی دادەبڕێ و دەبێتە دوو بەش ئاستە لەمەودوا ئامادەیی تێگەیشتنی هەیە، پێویستە زانینیشی تێبکرێ.

سیاسی: بێ تێگەیشتن و زانین یەک شت نین؟
فەیلەسوف: ژمارەحیسابی توانای لێکدانەوەی سەدان و هەزاران ژمارەی هەیە یانی باش تێدەگا، بەڵام تا ژمارەی پێنەدەی هیچی پێ لێکنادرێتەوە، بە مانای ئەوەی تا زانینی پێنەدەی توانای تێگەیشتنی نییە.

سیاسی: مرۆڤ بێ ئەوەی ببێ بە فەیلەسوف جگە لە تێگەیشتن دەبێ زانینیشی هەبێ؟
فەیلەسوف: ئەوانەی بەبێ زانینی هۆشەکی تێگەیشتنیان هەیە کەرەستەی زانینیان زۆر نییە و هەر ئەو بەشە هۆشەی بۆتە بابەت بۆیان و ئەو دەوروبەرەی لە ڕێی هەستەوە پێیاندەگا لەبەردەستیانە، ئەوەندەش پانتاییەکی کەمە بێ ئەوەی لێیبکۆڵنەوە، دواجار ئەوانە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زانین دەبێتە مامەڵەیەکی بەرژەوەندخوازانەڵ.

سیاسی: بۆ؟
فەیلەسوف: ئەوان هەر لەبارەی ئەو شتانەوە دەزانن کە لە دەوربەریان ئامادەیی هەیە و لە ڕێی هەستەوە پێیدەگەن، ئەوەش وادەکا ئەو زانینەی هەیانە لەپێناو چاکەی خۆیان و ئەوانەی خۆیان بۆوایان پێی هەیە بەکاری بێنن.

سیاسی: چبکەن بێ ئەوەی زانینەکەیان لە بەرژەوەندی گشتی بێ؟
فەیلەسوف: دەبێ بەهۆی هۆشەوە شتە هەمەکییەکان بناسن و لە چەمکەکان تێبگەن، بێ نموونە بزانن چاکە مانای چییە یان ئەخلاق چی دەگەیەنێ.

سیاسی: بە فڕبوونی ئەو شتە هەمەکییانە و تێگەیشتنی چەمکەکان چی دەگۆڕێ؟
فەیلەسوف: کاتێک زانیان ئەخلاق چییە، ئەوکاتە ئەخلاق زانینەکەیان پابەند دەکا لەپێناو چاکەی هەموان بێ نەک هەر خۆیان و ئەو هەندەکەی خۆیان دەیانەوێ.

سیاسی: ئێستا تێگەیشتم بێ ئەفلاتون لە کۆمارەکەی فەیلەسوف دەکا بە سەرۆک.
فەیلەسوف: فەیلەسوف دەزانێ ئەخلاق چییە، ئەخلاقیش زانینەکەی ناچار دەکا بەوەی خەڵک لە خزمەت خۆی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی

ئاستە نەکا، ئەگەر ئاستەشیان بکا دەبێ لەبەر خاتری چاکەی ئەوان بێ نەک خۆی.

خوونی ترسنۆکان ... هیوا سەعید

ئەو دڵنیان باوەڕمان بە خوا هەیە
بەڵام درێ دەکەن
ئیشتان پێی هەیە.

لە هەژاری دەترسن
خوون بە دەوڵەمەندییەوە دەبینن.
لە نەخۆشی دەترسن
خوون بە لەشساغی دەبینن.

بە چاڕەنوسی خۆتان ڕازی نین
ژیانێکی چاکترتان دەوێ
ئەو بەس دەتانەوێ
خۆتان ناخەنە ژێر هیچ بەرپرسیارێتییەک.

ئەگەر خوا نەیدا
پەنا دەبەنە بەر مەزاری ئەو مردووەی
ئەو پێی دڵنیان پیاوچاک،
ئەگەر ئەویش وەڵامی نەبوو
دەچنە لای ئەو ساختەچییە ڕیشنەی
ئەو پێی دڵنیان شێخ،
ئەگەر ئەویش هیچی پێنەکرا
پیرەژنێکی جادوگەر دەدەزنەوە،
یان بەدوای قەرەجێکی فاگرەوە دەگەڕێن،
یان خوونناماێک دەکەن،
یان کەلوی بەخت دەخوێننەوە،
ئەگەر هەرنا قاوەیەک دەگرنەوە.
ئەو خواتان نییە، خوونتان هەیە.

ئەو دڵنیان باوەڕمان بە پێغەمبەر هەیە

بۆتام درێ دەکەن
پێغەمبەر وتی چومە ئاسمان
ئەو کە فەینی سوپەرمانتان بینی
پێتان سەیر بوو.

ئەو دۆستان باوەڕمان بە ئایین هەیە
بۆتام درێ دەکەن
هەموو ئایینێک خوایەک و پێغەمبەرێکی هەیە
ئەو تەنیا خوونتان هەیە.

خوون واتا ئومێد.
ئومێد واتا چاوەڕوانی.
چاوەڕوانی واتا دۆزاوەکە.

هەی قەزەمی قەمبورینە
دەبە لەناو ئەو بازنەیە
هەر بە چاوەڕوانی و دۆزاوەکەوە بخولێنەوە.

قەزەم واتا بچوک.
قەمبور واتا ملکەچ.
خولانەوە لەناو بازنە واتا ژیانی دووبارە.

مرۆڤی نامۆ … هیوا سەعید

زۆر سەیرە مرۆڤ نامۆی مردنی دایکی پێ بگا کەچی دوای خوێندنەوەی بە هیچ شێوەژان و نیگەرانییەک بە کەمتەرخەمییەوە بڵێ کە نانێ دوێنێ یان پێرە مردووە، خوا دەزانێ!
یان لەکاتی ناشتنی تەرمی دایکی دەوروبەرکەی هەمووی خەریکی شین و گریان بن ئەویش لەودەمە بەشوێن لەزەتی خۆی بێ و بیرلەوە بکاتەوە لەکوێ قاوەیەکی دەستبکەوێ و سیگارێکی لێگێ داگیرسێنێ!
یان لە نێوان دوو کەسی بەشێوەها تودا بۆئەوەی کەشەکە پەیوەندییەکی بە ئەوەوە هەبە لەخەیەوە یەکەکیان بداتە بەرگوللە و بیکوژێ!
یان لە هۆی دادگاییدا دادوەر لێی بپرسێ بۆچی ئەو مرۆڤەت کوشت، بڵێ لەبەرئەوەی تیشکی خۆرەکە لە چاومی دا!

یان بۆ تۆمەتی کوشتن لە زیندان بۆ و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوبۆ و سبەی وادەی لە سیدارەدانکەی بۆ، بۆر لە مردن قژی لەی بپرسۆ باوکت بۆخوا هەیە، لەو دەخۆ لاوازش هەشتا بێ ئەو پرسیارە جێی بایەخی من نییە!

لەڕدا ئەوەی دەبێتە شایانی تەرامان، ئایا بێاستی ئەو جۆرە بونەوەرە نامۆ و بەهەست و خوێنسارد و لەمرۆقکەوتوە بونی هەیە یان هەر کارەکتەرێکی ناو چیرۆک و ڕۆمانکانێ و بەرهەمی خەیاڵ و فێنتازیای هونەرمەندان و نوسەرێکی وەک کامۆیە بە تەنیا؟
چاڵی چاپێن لە شاکارە جوانەکەی بەناوی سەردەمی مەدەرن کە ئەو بەرهەمەی چاپێن وەک ڕەخنەیەک لە مەدەرنە تەماشا دەکرۆ بە تایبەت لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ماشێن. لە دیمەنێک ڕۆی کرێکارێک نمایش دەکا ڕۆژانە لەسەریەک و بە چەندبارەیی سەرقاڵی بەستنی بورغیێ لە کارگەکەی. بەهەی ئەو کارەوە ئاگای لە هیچی دەوری خۆی نییە و هەموو هەست و سەرنجی لەسەر ئەو ماشێنەیە بورغیێکانی تێدا دەبەستە. لە کۆتایی دیمەنەکە بۆە تۆواو دەبە کرێکارەکە دەکەوێتە ناو ماشێنەکە و وەکئەوەی ئەویش ببە بە بورغیێک یان بە پارچەیەک لە ماشێنەکە.
دیارە کەی ئەو دیمەنە دەیەوە ئەوەمان پێ بڵێ مرۆڤ لەناو ژیانی هەمیشە وەکیەک و دوبارەییەکی بەزارکەردا نامە دەبە و دەبێتە ئاسن. بە ئەوەشی مرۆڤ لە نامەیی ڕزگاری ببە پەیوستە لەناو یەکجارە ژیان نەخولێتەوە، بەکو ژیان بکاتە پڕۆژەیەک و دەستکاری و داهێنانی تێدا بکا، واتا هونەرمەندانە بژی. ژیانی هونەرمەندانەش بەرهەمهێنانی ئەو هونەرە نییە لەناو کارگە و قالبەکانەوە کلتوری بازاڕی دروست دەکا و جارێکی تر وەکیەکی بەرهەم دێنێتەوە. ژیانی هونەرمەندانە ئەوەیە لە بەرهەمهێنانی ئێستای نوێ نەکەوە. وەک چێن شیعر لە دەزینەوەی ئێستای نوێ ناکەوە.
کەواتە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانە پێ لە ئێستای نوێیە دەبێ شیعر وەک هونەرێک کەمەکمان بکات، بەڵام سەرەتا دەبێ بزانین شیعر چییە، مەبەست لەوەیە شیعر وێنەیەکە لە خەیاڵەوە یان هەر وشەیە، یان ئەگەر شیعر وێنە بۆ ئەو وێنەیە بە، یان ئاگرهاتوو وشە بۆ ئەوکاتە ئیشی شیعر دەبێتە چی؟

لە کن هیندۆئەوروپییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و دانانی کاریگەری لەسەر هەستی مرۆڤ چاو ئەو پردە سەرەکییەیە پەیامەکانی دەرەوەی لەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناوەوە. وەک نمونەی پەیکەری بودا و وێنەی

خوایەکانی هیندەسی. بەمانای ئەوەی کاردانانەکە بە ڕێگای دیمەن و چاویش وەک سەنتەرێکی سەرەکی پەیام و کاریگەرییەکانی پێ دەگوازرێتەوە. بە پێچەوانەوە بە نزیکی گۆلانی سامی بە دیاریکراوی لە ئایینەکانی ئێو گۆلانە پێکەر و وێنە جۆرێکە لە حەرام (هەرچەندە لە ئایینزای شیعە ڕێگەدان بە وێنەی ئیمامی عەلی لەپێناو پاراستنی شوناس و هێگەمۆنیەتی لە مەزهەبی سەردەستە، یان پێکەری لە خاچدانی مەسیح و تابلۆی مریەمی پاکیزە بە دروستکردنی جیاوازی و خۆجیاکردنەوەیە لە ئایینی جولەکە)، لە بری چاو گوێ ئێو هۆی گواستنەوەیەیە بە ئەو پەیامانەی لە دڕوە دەن و بە دەنگ و بە هۆی گوێ بە ناوەوە دەگەن. وەک نمونەی خوێندنەوە و تیلاوەی قورئان لە ئایینی ئیسلام.

هەر لێو ڕوانگەیەوە مامەڵەیان لەگەڵ شیعر مامەڵەیەکە شیعر بەس وەک وشە دەبینێ و پێیوایە شیعر قسەیەکە و دەبێ ئێو قسەیە کاری پێ بکرێت ئەگەرنا دەبێتە قسەیەکی پوچ و درۆ. بێئاگا لەوەی کاتێک شیعر دەبێتە کردەوە و کاری پێ دەکرێ جگە لەوەی دڵق و کەس تێکدەدەبێ و دەبن بە یەک دواجار شیعریش شیعربوونی خۆی لەدەست دەدا و دەبێتە هوتاف و دروشم، دەبێتە هێواستە.
کاتێکیش شیعر دەبێتە کۆشانی وێنە بە وشە و کاری وشەش دەبێتە هەکارێک بە گواستنەوەی خەیاڵ ئێوکاتە چاوەڕوانی ئەوە لە شاعیر وەک هونەرمەندێک ناکرێ قسە بگەڕێ و بیکا بە کردار چونکە ئێو بەرلەوە بانگەشەی شتێکی دیکە دەکا و هەوڵی داهێنانی دیمەنێکی تر بە خەیاڵ لەپاڵ دیمەنە وەکیەک و دووبارەکانی واقیع دەدا، ئێوەش لەپێناو هونەر وەک تەکنیک و فەنتازیا لە هەمان کات بە چێژ و ڕاوەستاندنەوەی بێزاری و بێخشینی مانایە بە ژیان. لێرەوەیە شیعر ئەمجارەیان لەباتی هێواستە دەبێتە داهێنان.

نێرۆموکینە … هیوا سەعید

نێرۆموکینە
دەزانن بە نێ ژنەکان لە باوەشتان دەگرن،
نێ پیاوەکان چارەی ئەویان دەوێ؟
ئەدیب نامردووە ئەدیب.

ئەدیب دەعبایەکی یەکچاوە
ژیان بە یەک چەنگ دەبینێ
ئەو دوو چەنگن
هەتا لە ژێر چاودێری ئەو دەعبایە بن
دەبێ خەون بە باوەشی ژنەوە ببینن،
دەبێ بە خەیاڵ ماچی پیاو بکەن.

بەڵام پەندێک هەیە دەڵێ:
تامی سۆو بە خەیاڵ ناکرێ.
بەڵکو بەڵاستی گاز لەو سۆوە بگرن
سەرتا دەبێ بوەرن ئەدیب، ئەو پاسوانە بکوژن.

ئەگەرنا لە بە دەستاتی بوا بوە دەنن لە دەرەوەی خەیاڵتان هیچ سۆوێک بونی نییە
یان ئەگەر هەشبێ لەلاتان گرنگ نییە لەبەرئەوەی دەترسن دەستی بە ببەن
یانیش دەگەنە ئەو باوەشەی سۆوی ئاستەقینە لە دەرەوەی ئەم دنیایەیە
کەواتە تا دەمرن دەبێ بە خەیاڵ بژین.

بە ئەوەی لەو زیندانەی خەیاڵتان ئازاد بن
وەرن فڕتان بکەم
ئەدیب چەن دەکوژرێت

هەموو کەسێک دەست و دوژمنی هەیە
ئەویش دەستکانی ئەو ژیرانەن
خەیاڵتان بە تامی ئاستی دەرخوارد دەدەن
دوژمنکانی ئەو شتانەن
دەڵێن چۆزی خەیاڵ سەرکوتبوونە
نەرموکینە ببنە دەستی دوژمنکانی ئەدیب
وەها دەمرێ.

چۆن ... هیوا سەعید

ئەگەر بڵێم:
لە شیعرێک گوڵێک بووە ئەستێرە
دڵتەن ئەوە کەی شیعرە، دریە.
گوڵ چۆن دەبێتە ئەستێرە!

ئەگەر بڵێم:
لە چیرۆکێک پیاوێک بووە قالەنچە
دڵتەن ئەوە کەی چیرۆکە، دریە.
پیاو چۆن دەبێتە قالەنچە!

ئەگەر بڵێم:
لە فیلمێک پزیشکێک لە لابورەکەی مرۆڤی دروست دەکرد
دڵتەن ئەوەی کەی فیلمە، دریە.
پزیشک چۆن مرۆڤی پێ دروست دەکرێ!

ئەگەر ئاستیتان دەوێ
ئەوە پێم بڵێن ئەدی دار چۆن دەبێتە مار؟
درەخت چۆن بەبێ ئەکسجین دەژیێ؟
منداڵ چۆن لەدایک دەبێ بەبێ باوک؟
مردوو چۆن لە گڵکۆ هەڵدەستێتەوە؟
مەنجەڵێک شیو چۆن بەشی شارێک دەکا؟
وشترێک چۆن دەتوانێ شیری نەتەوەیەک بدا؟
دەریا چۆن بە مشتێک دەبێتە دوولەت؟
مەودای نێو دوو وشە چۆن بە چاوچوقانێك دەبەدرێت؟
مرۆڤ چۆن بەپێ دەچێتە ئاسمان؟
ئەگەر قەبارەی خەر گەورەتر لە زەوی، چۆن ماوەی دروستکردنی زەوی زەرتر لە خەر؟

ئەوە شیعرە!
ئەوە چیرۆکە!
ئەوە فیلمە!

□□گایەک بەرەو زیندان … هیوا سەعید

فیلمی □□گا یەک□کە لە باشترین بەرهەمەکانی یە□ماز گونەی، براوەی چ□خورمای ز□□ینە لە فیستیفا□ی کان، کە ئەوکات یەکەم فیلم بووە لە □□ژهە□اتی ناوە□است ئەو خە□اتەی پ□دراوە. ئەو فیلمە بە دایەل□گ□کی کەم زیاتر بە زومی کام□را باس لە پ□نج زیندانی دەکا بە م□□ەتی کاتی ب□ ماوەی هەفتەیەک لە زیندان بەردەدر□ن.
زیندانییەکیان هەر □□ژی بەربوونەکەی بەهۆی ونکردنی کارتی م□□ەتییەوە لە □□گا لە بازگەی پشکنین دەگیر□تەوە. زیندانییەکی تر ئەو هەفتەم□□ەتە دەکاتە هەل□ک ب□ ئەوەی ژن□کی تۆدا بە□ادان بدا و دوای زیندان بیگواز□تەوە. لە کن ئەو زیندانییە ژن جگە لە کا□ایەک ب□ تۆرکردنی ئارەزوی پیاو هیچی تر نییە. لە داخوازی کچ□کدا پ□ی دە□□:
کە بەربووم یەکسەر دەتگوازمەوە.
وەک سەر□کی خ□زان هەموو قسەیەکم □استە، دەب□ت هەمیشە بە قسەم بکەی.
کە وتم ماست □ەشە، □ەشە.
نابێت لەگە□ پیاوان بدوێی یان پ□بکەنیت. زۆر تو□ە دەبم.
لەگە□ هیچ پیاو□ک قسە ناکەی تەنیا برا و خزمی نزیکت نەب□.
چیم وت دەب□ بیکەیت، بەرپەرچی قسەکانم نادەیتەوە.
نابێ بە□ی ئەمەم دەو□ و ئەوەم دەوێت. ئەگینا ز□□ تو□ە دەبم زۆر.
من پ□ت دە□□م چ بکەی و چی لەبەر بکەیت. تۆگەیشتی؟
لە وە□امدا کچەکە دە□□: باش، چەند بە جوانی قسەت کرد ئەوە لە زیندان فێربووی؟ مەبەستی لەو شێوەدەربڕین و پرسیارکردنە دیوە پ□چەوانەکەیەتی، واتا دیارە دەتەو□ زیندانیم بکەی!

لە کۆمە□گا ل□ک بەستراوە □□ژهە□اتییەکان □ەفتاری خوشک لەسەر برا و هی کو□ لەسەر باوک و هی ژن لەسەر مێرد و بە کورتی □ەفتاری هەر یەک□ک لەو ئەدامانەی بنەماڵە دەکەوێتە ئەستۆی یەکتر. بەو مانایەی مرۆڤ لە دۆخ□کی وا بەس خاوەنی کردەوەکانی خ□ی نییە، کەس و کارەکەیشی پشکیان لە هە□ە و □استییەکانیدا بەردەکەوێت. ئەو برایەی بە تۆمەتی ئەوەی لە باخ□کدا لەگە□ کو□□ک بینراوە خوشکەکەی خ□ی دەکوژ□. ئەوەی دەبێتە پاڵنەر ب□ کوشتن ژوانەکە نییە، بەڵکو پ□زانینی خە□کییە بە ژوانەکەیان. ئەوەش سزای کۆمە□گای ل□ک

بەستراوەیە وادەکا پێزانینی خەڵکی ببێتە ئەو فشارە بەهێزە شەرمەزاری بنەماڵەکەی لێبکەوێتەوە و شکۆی تەواوی ئەندامەکانی پێوە بشکێ. لێرەدا چێن خوشکەکە دەبێتە قوربانی ئەو کۆمەڵگا لێک بەستراوە و ناتوانێ مومارەسەی ئازادییەکانی تێدا بکا، دیسان باوک و برایەکەیشی یان لێمەکەرەکانیش کە خەڵکن ئەوانیش قوربانییەکی ترن. چارەسەریش بە گیرانی بکوژ و خەتابارکردنی ئەو لێمەکەرانە ناکرێ وەک ئەوەی ئەوان بونەتە هۆکاری ئەم تاوانە. چارەسەر ئەوەیە پێناسەی ئەخلاق و ژیانی کۆمەڵگا بەشێوەیەک دابڕێژرێتەوە چاکە و خراپەکانی مرۆڤ وەکو تاکێک هەرخۆی لێی بەرپرسیار بێ. بە دروستکردنی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەش دەبێ سەرەتا کلتوری کۆمەڵگاکە هەوەشێنرێتەوە. بێ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتەی زیندانییەکی تریان چونکە لەمێژە گیراوە و لەو ماوەیەش هاوسەرەکەی بەرگەی تەنیایی و بێ پارەیی نەگرتوە پەنای بردێتە بەر لەشفرۆشی، ئەویش وەک مرۆڤێکی خیانەتلێکراو لە نێوان لێبوردەیی و ویستی دەوروبەر کە بۆیاری ئەوەی بەسەر دەسەپێنن پێویستە ئەو لەکە هەشە لە ژیاوی لابباو و شەرەفی خۆی و ئەوان بکۆتەوە. ئەو یەکەمیان هەڵدەبژێری و دەستی ناچێتە خوێنی و هەشتا خۆشیدەوێ.

کاتێک لەناو پاس و میترۆکانی تورکیا دێدارەکان گەمە و دەستەملانێیانە ئەوە پشکەوتوخوازی وەک گونەی شەڵی لەپێناو کردووە. لە دیمەنێکدا زیندانییەک لەبەرئەوەی دەمێکە لە جەستەی ژن بە دوورە کە دەگاتە ژنەکەی هەر لە ڕێگا و لە ئاودەستی شەمەندەفەردا دەستبازی لەگەڵ دەکا. ئایا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو خەڵک بەسەر دیمەنێکی لەو جۆرە دابچن چ کاردانەوەیەکیان دەبێ؟
دوای ئەوەی لێیان لە هەڵا دەدەن و سوکایەتییەکی زۆریان پێ دەکەن، ئەفسەری لێپێچینەوە بە پیاوەکە دەڵێ: شەرمت بەخۆت نییە؟ ئەویش دەڵێ: ئەوەی لای تۆ شەرمە، بۆ من وەک پێویستییەکە.
دواتر ئەو زیندانییەش لە تۆڵەی خوێن و دوژمنداری دەکوژرێتەوە.

زیندانییەکەی تریش خەڵکی گوندەکانی سنووری نێوان تورکیا و سوریایە، بە بیانوی کاری قاچاخی ناوچەکەیان مینڕۆکراوە، لە ڕاستیدا ئەو مینڕۆییە لەبەر جوانەوەی کوردەکانە و حکومەت هەر بە چاندنی مین نەوەستاوە لە پاڵ ئەمە بە ڕۆژ خەریکی ڕەشبگیری و بە شەو خەریکی تەقەکردن و کوشتنە لەو سنووەرە. براگەورە بەرمینکەوتوەکەی ئەو زیندانییە دەڵێ: ئەوەی حاڵی لە قاچاخچیان خراپترە کوردەکانن.

لە کۆتایی پەیامی فیلمەکە ئەوەیە ئێمە هەموومان زیندانین. زیندانین لەناو عەسکەرتاریەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان کە ژیانیان لە هاوڵاتیان کردووە بە سەربازگە، زیندانین بەدەست ڕەسەاکانی ئایین، زیندانین بە داب و نەریت و بیرکردنەوەی خڕاپەکیانە، یان وەک کەمینە زیندانین بە شۆڤێنیەتی نەتەوەی زۆرینە و سەردەستە. کەواتە لە دەرەوەی زیندانەکانی دەوڵەتیش هەریەکەمان لە سوچێک لە زیندانێکی تر داین.

پارانۆیا و مرۆڤی بێ خودا … هیوا سەعید

زانستی دەروناسی دابڕان بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی توشبوون بە نەخۆشی پارانۆیا دادەنێ. ئینجا ئەو دابڕانە لەدەستدانی کار، تێکچوونی هاوڕێیەتی، خیانەت و ئازاری خۆشەویستی و زۆر جارە دابڕانی تری وەک بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر کە ئەویش جارێکە لە دابڕان، دەگرێتەوە. لەو دۆخە مرۆڤ باوەڕێکی وای لەلا دروست دەبێ کە ئەم جیهانە جێگایەکی ئەمین نییە بۆ ژیان، گومان لە نییەتی کردەوەکانی خەڵک دەکا و هەموو کارێکیان بە بەرژەوەندخوازانە لێکدەداتەوە، بۆیە لە تێکەڵبوونی ئەوانیتر دەترسێ بە هەڕەشە لەسەرخۆی دەیانبینێ. لێرەوە ئەو مرۆڤە نەخۆش و توشبوو بە وەهمە هەست بە چەوسانەوە دەکا و گومانی ئەوەی هەیە ئەو بەرژەوەندخوازانە کەسانی خراپەکارن و لێی لە کەمینن. بۆ نموونە شێوەتەماشاکردنێکی بە تەرکیز یان پستەپستی نێوان دوو کەس ئەگەر هۆکارێکی ئاشکرای لێ دیار نەبێ بۆ ئەم ڕەفتارەیان ئەوا بەخۆی و باسکردن لەسەرخۆی تێدەگا. گریمان ئەو ڕقی لە ڕەنگی شین بێ، لە کافێیەک لە فنجانێکی شین قاوەی بۆ بێنن یەکسەر چاودەبڕێتە سەرمێزی کۆیارەکانی تر بۆ ئەوەی بزانێ فنجانی ئەوانیش شینە یان نا. وەها ڕوکەوت ڕەنگی فنجانی قاوەخۆرەکانی تر سوور و سپی یان زەردبوو بە تەنیا هی ئەو شین بوو و هۆکارێکی ڕوونیشی بۆ ئەم ڕوکەوتە نەدۆزیەوە گومانی ئەوە دەبا ئەم کارە بەدەستئەنقەست بۆ ئازاردانی دەروونی ئەو کراوە، نەک هەرئەوەندە بەکو گومانی ئەوەشی هەیە ئەوان لە ناخی بە ئاگان و دەزانن ڕقی لە چی دەبێتەوە.

لەبەرئەوەی لێکدانەوەکانی بە گوێرەی لێژیکە هیچ ڕێکەوتێک پەسەند ناکا، بەو مانایەی ئەگەر فنجانی قاوەخۆرەکانی تریش شین با دەگەیشتە ئەو ڕاستییەی هیچ ئازاردانێکی دەرونی بە مەبەست بێ ئەو لە گۆڕێ نییە. بە هەمان شێوە بەپێی ئەو لێژیکەی مادام ئەوان دەزانن ئەو ڕەنگی لە چ ڕەنگێکە کەواتە ئەو کەسەکە لە ژێر چاودێری ئەوانیترە. دیسان کەواتە ئەو کەسەکی گەورەیە ئەگەرنا بێ چاودێری دەکرێ. لە دواجار لەسەر بنەمای چەندین وەهمی یەک لەدوای یەک هەڵچنراو پێناسەیەک بۆخۆی دەکا کە ئەو مرۆڤێکی گەورەیە و جێی سەرنجی ئەوانیترە و خەڵک هەمیشە چاودێرن بەسەرییەوە. ئەنجامی ئەو وەهمەش ئەو دەکاتە کەسێکی خۆبەگەورەزان و دووڕوپەرێز و ڕقاوی. دووڕوپەرێزییەکەی وەک خۆپاراستنێک لە فێڵ و ڕقئەستوورییەکەی تێڕەیەکە لە ویستە خراپەکانی ئەوانیتر.

بەڵام مرۆڤی گەورە و دوور لە بازاڕ لەسەر هەمان ئەو وەهمە دروست نەبووە، بەڵکو ئەگەر خودا وەکو وەهمێک یان هەڵەیەکی بانزەمینی و ویستێکی ڕەها و باڵادەست بەسەر ویستی هەندەکی مرۆڤ، مرۆڤەکان ئاڕاستە بکا، ئەوا مرۆڤی باڵا مرۆڤێکی بێ ئاسمانە و ملکەچی هیچ ویستێک لە دەرەوەی ویستی خۆی نییە و ئەو وەهمەی لەناوخۆی کوشتووە و بێ خودا دەژی.

هەروەها ئەو مرۆڤە گەورە تەواوزەمینییە بەهایەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و پابەند نییە بە ئیتیک یان ئەو داب و نەریتانەی کۆمەڵگا لەسەری کۆکن، ئەو کەسێکی دژەباو و دوورە لە مەگەڵ.
فریدریک نیچە لە وەهای گوت زەردەشت لەبارەی ئەو مرۆڤە گەورەیە دەڵێ:
ئەی مرۆڤی بەرز! فڕبە، خەڵکی نێو بازاڕ
باوەڕیان بە مرۆڤی بەرز نییە.
بۆ ئەوان ئێمە، هەموو بەرابەر و یەکسانین.
ئەی مرۆڤی بەرز! بە دیدی ئەوان مرۆڤی بەرز نییە،
لەبەردەم خوادا هەموومان یەکسانین.
بەڵام خوا مردووە،
ئێمە بەرابەر و یەکسان نین.
ئەی مرۆڤی بەرز! لە بازاڕ دوورکەوە.

واتا بوونی خودا یان هەموو بەها و پیرۆزییەکان کە لەسەر بوونی ئەو بنیاتنراوە و خەڵکی بازاڕ پابەندن پێیەوە و ڕێگرن لە بەردەم پێشکەوتنەکانی ئەو مرۆڤە گەورەیە. لێرەوەیە ئامانج لە هەڵتەکردنەوەی خەڵکی بازاڕ و تێکشکاندنی پیرۆزی و بەهاکان.

لەدایکبونی شاعیرێک … هیوا سەعید

پیاوی گەورە
باوکی خۆی دەکوژێ، دەچێتە زگ دایکی
ئەو منداڵەی لەو سەرجێیە دەکەوێتەوە
دەبێتە شاعیر.

ئەو شاعیرە منداڵێکی دەمێوتە
سیاسییەکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی هەموو قسەیەک دەکا.

کەس ناوێرێ ببێتە دەستی
لەبەرئەوەی ئەویش وەکو خوا
نەریت و ڕەسا ناناسێ،
هەموو هێڵێک دەبەزێنێ و لە هیچیش پەشیمان نییە.

دراوسێکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی لە پەنجەرە خۆی فڕێ دەدا،
بەسەر دیوار ئاودیو دەبێ
هیچ سنورێکی بێ ماڵ نییە.

بازرگانەکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
دەوڵەمەندەکان لە ترسان ئاشتیخوازن.

دادوەرەکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
یاسا بە ویژدان هیچی پێ ناسەلمێ.

پیاوانی ئایین ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
یەک هەقیقەت بوونی نییە،
ئەگەر هەشبێ چەندین ڕووی هەیە.

زاناکان ڕقیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێن:
خەیاڵ پێویستترە لە مێشک.

مامۆستاکان ڕقیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێن:
زانین بنی نییە، هەموومان قوتابین.

ئەو شاعیرە بیژییە
دەڵێی شەیتانە کەس بە گەورەی خۆی دانانێ،
لە پشتی کەس ناڕوا،
بە هیچ سەرکێک ناڵێ بژی،
لەبەر هیچ ئاغایەک هەڵناستێتەوە،
دەستی هیچ شێخێک ماچ ناکا.
لە شەقامەکان
خەڵک هەڵیهای لێ دەکەن
هەندێک پێی دەڵێن شێتە،
هەندێک دەڵێن بە ڕەوشتە.

کە شیعر دەخوێنێتەوە
ئەویش وەکو موسا
دار
دەکا بە مار.
بەڵام ئەو ناڵێ ئەوە ڕاستییە
دەڵێ ئەوە شیعرە
لەبەرئەوەی ئەو کوڕی ئادیبە
نەک نەوەی ئیبراهیم.

کێ شارم نیشانەدا! … هیوا سەعید

کێ شارم نیشاندەدا، ئەوێ پرسیارێ گەورەکەی ژیانێ لە فیلمی هەبوو نەبوو. بەو مانایەی من کەسێکم بزربووم کە دەستم دەگرێ و دەبێتە

بینین بۆ چاوم و دەبێتە بیستن بۆ گوێم. ئەو کێیە هیچ کەسێکی تر نییە جگە لە زانین کە جەستەیەکی بزربوو دەدۆزێتەوە.
لەو فیلمەدا داجڤ وەکو کەرەستەیەکی بەردەست ئەو کارەکتەرە ناچالاک و جێی گاڵتەی ئەوانی تر و مرۆڤ تەوزمییە کە توانای لێکردنەوەی قڵە هەنجیریکی لە دارێک نییە، ئەو هەر دەتوانێ لە بن دارهەنجیرەکە دەمی لێک بکاتەوە بۆ ئەوەی هەنجیرەکە بخەی بکەوێتە ناو دەمییەوە. هەموو ئەوەش بەرهەمی ئەوەیە کە ئەو مرۆڤێک یان مادەیەکە هیچ ئاگایەکی لە پشتەوە نییە و جەستەیەکە بە بێ عەقڵ، ئەگەرنا چۆن ئەوەندە بێ ئیرادەیە و ئەوانی تر دەتوانن وەکو کەرەستە بەکاری بهێنن.
لە شانۆگەری فاوستی گۆتە دکتۆر فاوست لە نوێنەرەکەی شەیتان دەپرسێ سەرەتا وشەی هەبوو یان کردار؟ ئەو فیلمەش جارێکی تر ئەو پرسە بەسەر دەکاتەوە و لە یەکەم مەشهەدی کارەکتەرێک دەڵێ سەرەتا هەر وشەی هەبوو واتا بەس ئاگایی هەبوو.
بۆ بۆچونی هیگڵ سەرەتا مەعریفە و ئاگایی هەیە، ئەوە ئاگاییە مادە دروست دەکا. بۆ مانای عەقڵ وەکو ئاگایی لەخۆی دەکەوێتەوە یان هۆنەر کە بەشێکی عەقڵە لە بەشێکی تری خۆی دەکەوێتەوە بۆ نموونە لەخۆی دەپرسی ئەوە منم. لەرەوە ئەو بەشەی بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەشێکی تر وەکو کەرەستەیەک بەکارهێناوە و نەفیبووە، لە دواجار دوچاری نامەبوون دێ. بەڵام کاتێ ئەو بەشەی عەقڵ هۆشیاری بەوە پەیدا دەکا بۆتە کەرەستە و بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ بەشێکی تری، چیدی ئەو جارە بوونە قەبوو ناکا و هەڵدەگەڕێتەوە، واتا ئەمجارە ئەم بەشە بەشێکی تری عەقڵ نەفی دەکا. بۆ هەمان شێوە مرۆڤ وەکو سەبەکتێک لە بەردەم ئەبەکت یان کەمەگا و دەوروبەرێکی کە وەکو هەکاردەهێنرێ یان وەکو کەرەستەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ لەخۆی نامۆ دەبێ، پاشان کە هۆشیاری بەو دۆخە پەیدا دەکا لەلایەن ئەوانیترەوە وەکو کەرەستە بەکارهاتووە و نەفیکراوە، ئەمجارە ئەم ئەوانیتر نەفی دەکا بۆی لێیان هەڵدەگەڕێتەوە و یاخی دەبێ.
بەڵام ئەو پرسیارەی لەرە سەرهەڵدەدا ئۆگەر مادەیەک هیچ مەعریفەیەکی لە پشتەوە نەبێ یان جەستەیەک عەقڵی تێدا نەبێ ئەو هۆشیاریە لە چیەوە پەیدا دەبێ؟ بۆ ئەو پرسیارە مارکس نموونەی بەو کرێکارە دێنێتەوە کە بەهۆی زۆرکارکردن و کاری زیادەوە دەبێتە مایەی ئەوەی خاوەنکارەکە سەرمایە لەسەریەک کۆکەکە بکا، بەڵام کرێکارەکە لەبەر کەمی دەستهەقەکەی هیچی پێ پاشکەوت ناکرێ، ئیتر هەست بە چۆسانەوەیەک دەکا لەلایەن خاوەنکارەکەیەوە لێیدەکرێ و پێیوایە وەکو ئامێرێک نەک وەکو مرۆڤێک بەکاردێ و نامەبووە. ئینجا

لەو هەستکردن بە چەوسانەوەیەوە هەشیاری بە جیاوازی چینایەتی نێوان خێ و خاوەنکارەکەی پەیدا دەکا. کەواتە هەستکردن بە چەوسانەوەیە وادەکا مادیەک بە هەبوونی لە پشینەی مەعریفە یان جستەیەکی بە عەقڵ هەشیاری تێدا دروست ببێ.
بە تاقیکردنەوی ئەو ئەزمونە پاشای وڵاتەکەی ەجەب ئەو پرسیارە دەخاتە بەردەم کچەکەی کە ئایا ژیری گرنگترە یان سامان، مەبەست لەرە ئەوەیە عەقڵ گرنگترە یان جستە. سەرەای ئەوەش ئەگەر هاتوو لە نێوان پیاو و ژندا ئەو ژیرییە وەکو یەکبوو پێویستە کامیان لیدەر بێ و ماڵ بەەوە ببات؟ کچەکەی پاشا دەە ژیری گرنگترە، لە هەمان کات ئەگەر ئەو ژیرییە لە نێوان پیاو و ژن یەکسان بوو ئەوکاتە پێویستە ماەکە بە هاوبەش و اوەژ بەەوە ببرێت.
پاشای باوک چونکە بەوای بە موتەقیەت و نەگەی هەیە و لە ەژیی تێناگا، جستەی پیاو بە شیاوتر دەزانێ بە بەەوەبردن. لەلای ئەو با ژن ژیریش بە هەشتا جستە ناسک و لاوازەکەی بە ئەوە ناشێ بەەوەبرایەتی پێ بسپێردرێ، ئەو وادەزانێ شتەکان ناگەەن. کەچی ناسکە نایەوە بە اگرتنی دەی باوکی بەوا بەو بچوونەی بکا و وەکو کەرستەیەک مامەی لەگەڵ بکرێ و لەخەی نامێ ببێ، دەە شتەکان ەژیین، بە مانای ئەوەی مەرج نییە ئەو جستەی ئستا توندوتەە هەروەکو خەی بمنیتەوە یان بە پچەوانەوە ئەو عەقڵەی لاوازە گەانی بسەر دانێ.
لە کۆتایی ئەو ململانێیەی نێوان پاشا و کچەکەی بەوە تەواو دەبێ وەک سزایەک بە کچەکە کە لە بەردەم باوکی هەگەاوەتەوە پێویستە لە ەجەبی بە عەقڵ مارێ بکرێ، یانی ژنێکی ژیر بە جستەیەکی لاوازەوە لەگەڵ پیاوێک کە تەنیا جستەی هەیە و دوورە لە ئاگایی پێکەوە بژین. لەلایەکی تر لەبەرئەوەی ناسکە کچی دەوڵەمەند و دەسەاتدارێک بووە و لە ژیانی هەمیشە وەکیەک و دووبارەی ماڵی باوکی بە هیچ کارکردنێک هەر خەریکی خواردن و خواردنەوە و نوستن بووە، ئەم جرە ژیانەش ئەوی بزار کردووە. لەبەرئەوەی مرۆڤ کە لەناو ژیانێکی دووبارەدا دەخولێتەوە هەست بەبوونی کات ناکا و بوونی خەی لەدەستەدا. بە بەدەستهێنانەوەی بوونیشی پێویستە ژیان بکاتە پەژە و کار و داهێنانی تێدا بکا. کچەکەی پاشاش دەمکە خەون بە تاقیکردنەوەی ئەزمونێکی تر لە ژیان و لە هەوڵی دەزینەوەی شوێنێکی تر بە ئەوەی لەو ماڵە ەزگاری ببێ، بەو بیارەی باوکی ازی دەبێ و وەکو ژنێکی جەستە لاواز بەام ژیر لە کەلاوەکەی هەمەری چاوچنێک لەگەڵ ەجەبی جەستە توند بەام بئاگا دەست دەکا بە چنینی مافور و ژیرییەکەی خەی بە هونەر و داهێنان بەکاردێنێ، بەوکارەی جگە لەوەی بزارییەکەی دەەوێتەوە و بوونی خەی بەدەست

دڵنەتەوە، هەجەبیش وەکو هاوبەشێک بەشدار پێدەکا یان هاستر سود لە جەستەی هەجەبیش وەکو مادەیەک بۆ کۆینی پێداویستی وەردەگرێ. هەرچەندە ئەو بەکارهێنانەی جەستەی هەجەب وەکو کەرەستەیەک لەلایەن ناسکەوە ئەگەر لەپێناو چاکەی هەجەبیش بێ دیسان بۆ هەجەب هەر نامێبوونە و بۆ ناسکەی خاوەن مەعریفەش دەسەاتە تا ئەوکاتەی هێمەری چاوچنۆک تەماع لە ناسکە دەکا و لە هەجەبی دەدزێ.
ئێستا هەجەب بەبێ ناسکە توشی حیرمان و لەدەستدان هاتووە و کەسێکی گۆشەگیر و بەجێماو و تەنیاکەوتووە. هەست بە چەوسانەوە و ناهەقییەک دەکا بەرانبەری کراوە. مرۆڤ لە ژیانی گۆشەگیری و چونەوەناوخۆش هۆشیاری بەو دۆخەی خۆی پەیدا دەکا و هەدەگەڵتەوە. بۆیە ئەو هەجەبەی کە جاران دەیپرسی کێ شارم نیشاندەدا چیتر ئەو جەستە بێ عەقڵە نییە، ئیدی ئەو جەستەیەکی چالاک و یاخی و خاوەن مەعریفەیە. لەگەڵ ئەوەی مەعریفە دەسەاتە بەهام بێ چاکەیە نەک خراپە، بۆیە خۆبەخشانە وەک پیری زانا بەناو شاردا زانین دەبەخشێتەوە و دەڵێ وەرە ئێرە، وەرە ئێرە.. ئەوە مام زانایە لێرە.